بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لەناو گەنجاندا لە بەر ڕوشنایی تیۆرەکان تۆژینەوەیەکی تیۆری شیکاری

د. ئارام ئەسعەد عبدالرحیم [1]
یەکەی سەرپەرشتیاری، بەڕێوبەرایەتی پەروردەی هەڵەبجەی شەهید، وەزارەتی پەروردە ، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان/عێراق[1]
aramasad1987@gmail.com
نووسەری پەیوەندیکار: ئارام ئەسعەد عبدالرحیم*

پوختە

بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە ناو گەنجان یەکێک لە گرنگترین کێشە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکانە کە کۆمەڵگای مرۆیی لەم سەردەمەدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. ئەم دیاردەیە تەنها کێشەیەکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر خێزان و کۆمەڵگا دروست دەکات.

ئامانجی ئەم تۆژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی دیاردەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە ناو گەنجاندا، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تیۆرە کۆمەڵناسییەکان. میتۆدۆلۆژیای تۆژینەوەکە پشت بە میتۆدی تیۆری شیکاری دەبەستێت، کە بریتییە لە بەکارهێنانی تیۆرە کۆمەڵناسییە جیاوازەکان بۆ تێگەیشتنی قوڵتر سەبارەت بە چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە ناو گەنجاندا.

دەرئەنجامەکانی تۆژینەوەکە ئاشکرای دەکات کە بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە ناو گەنجانی کوردستاندا بابەتێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی ژینگەی کۆمەڵایەتی، پێکهاتەی ئابووری، و پێشینەی مێژوویییە. کێشەکانی ناوخێزانی، وەک شەڕی بەردەوام و هەژاری کۆمەڵایەتی، وا دەکات گرووپی هاوتەمەنەکان جێگای خێزان بگرن و گەنج ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی ئەوانەدا بێت کە پەنا بۆ ماددە هۆشبەرەکان دەبات.

کاتێک گەنجان نیگەران دەبن، هەستی بێبەشکردنی ڕێژەیی دەکەن، و توشی ئیرەیی دەبن، ئەوکات سیستەمی خزمایەتی و بەستەی سیاسی هێشتا ئامرازی سەرەکی گەیشتن بە کار و دەرفەت دەمێنێتەوە. جیاوازی چینایەتی لە هەر کۆمەڵگایەکدا، بەهۆی نایەکسانی ئابووریەوە، وا دەکات ئارەزووی گەنجان بۆ بەدەستهێنان زیاتر بێت، تا ئەوەی بگەنە ئالوگۆڕکردن و بازرگانی بە ماددە هۆشبەرەکانەوە.

کلیلە ووشە: تیور ، ماددە هۆشبەرەکان ، ئالودە بوون ، ئالودە بوو، گەنج.

پێشەکی

بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دیاردەیەکی پرمەترسی گەورەیە کە کێشەی زۆری دەروونی، ئابووری، و کۆمەڵایەتی بەرهەم هێناوە. ئەم دیاردەیە پەلاماری زیندوترین و چالاکترین تۆژی کۆمەڵگا دەدات، کە تۆژی گەنجانە، و هەر لە سەرەتاوە ئومێد و خواستەکانیان زیندەبەچاڵ دەکات و لە کەناری نائومێدی و ڕەشبینیان نزیک دەخاتەوە. کەسی ئالوودەبوو لە ڕاوچییەوە دەکەنە نێچیری خۆیان.

ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان یەکێکە لە دیارە قیزەونەکانی کۆمەڵگا، کە بە ڕێژەیەکی زۆر گەنجان پێوەی دەنالێنن. هەرێمی کوردستانیش بە دەر نییە لەو مەترسییە؛ چونکە بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەم ساڵانەی دوایدا تۆمار کراون ، و ئەگەر بە شێوەیەکی مەیدانی سەردانی گرتووخانەکان بکرێت، دەبینرێت ڕێژەیەکی زۆر لە گەنجان ئالوودەی ئەم ماددەیە بوونەتەوە.

سەرەڕای قەدەغەکردنی بەکارهێنان، کڕین، و فرۆشتنی ئەم ماددەیە، و سزای تووندی کە بەپێی یاسای چواردەی ماددە هۆشبەرەکان پێدەدرێت، ڕۆژبەڕۆژ ئەم ڕێژە ڕووی لە زیادبوون دەکات. ئەمەش بە هۆی کرانەوەی سنووری هەرێمی کوردستان بە ڕووی وڵاتانی دراوسێ، وەک ئێران، تورکیا، و سوریا. وڵاتی ئێرانیش یەکێکە لە وڵاتانی "مانگی ئالتونی" کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو ماددەی هۆشبەری تێدایە، و هەرێمی کوردستان سنووڕێکی دور و درێژی لەگەڵ ئێراندا هەیە. ئەمەش کەم تا زۆر کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان و گەنجانی هەبووە .

تۆژینەوەکە لەچوار بەش پێکهاتووە : بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی تۆژینەوەکە و دیاریکردنی چەمک و زاراوەکانە، بەشی دووەم: لە دوو باس پێك دێت باسی یەکەم: مێژووی سەرهەڵدان وبڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لەجیهاندا و عێراق و هەرێمی کوردستان باسی دووەم: پۆڵێنی ماددە هۆشبەرەکان بە پێی جۆرو پێکهاتەکانیان ، بەشی سێیەم پێك دێت ئەو تیۆریانەی کە پەیوەندی بە

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12594]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

ئالودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکانەوە هەیە لای گەنجان بە شی چوارەم بریتیی لە تاوتویی کردنی بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان لە بەر ڕوشنایی تیۆرەکان و لە کۆتایی توێژینەوەکە دا دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان پێشنیارکان و سەرچاوەکان پێك دێت.

بەشی یەکەم: چوار چێوەی گشتی توێژینەوەکە و چەمکەکان

1-کێشەی توێژینەوە

دیاردەی بەکارهێنان و بازرگانییکردن بە ماددە هۆشبەرەکانەوە، لە پاڵ تیرۆر و شەڕ وبرسێتی، یەکێك لە قەیرانە گەورەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، زۆرترین کێشەی بۆ ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووکان و وڵاتانی دونیا دروست کردووە. دیاردەی بەکارهینان وبازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەر بە کەڵك وەرگرتن لە گەشەی تەکنەلۆژیای زانیاری و پیشەسازی، پەرەسەندنی بەرچاوی بەخۆوە دیوە. بەو هۆیانەوە باندەکانی مافیا وبەکارهێنەران و بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکان بە تەواویی لە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. ئێستا وای لێهاتووە، کە دیاردەی گێژۆدەبوون بە ماددە هۆشبەرەکانەوە، بە هەموو وڵاتاندا تەشەنەی کردووە، کە هەرێمی کوردستان لەم دیاردە جیهانییە بێ بەش نییە، بە تایبەتی گەنجان، بە ڕێژەیەکی بەرچاو، ئالودەی ماددە هۆشبەرەکان بوون کە ئەمەش زەنگی مەترسیدارە، لە سەر داهاتووی کومەڵگای کوردی و تێکچوونی شیرازەی خێزان. زۆربەی پسپۆرانی بواری پزشکی و سایکۆلوژی، پێیان وایە، کە کومەڵگاکان تووشی ئەم کێشەیە دەبن، بەڵام ئەوانەی تووشی بوون، چیان بۆ بکرێت، یان چۆن بتوانرێت، گەنجان و لاوانی ئەم وڵاتانە ڕزگار بکرین.

بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتوەکان(UNODC) کەلە تازەترین ئاماری خویدا لە سەر بەکارهێنەرانی ماددەهۆشبەرەکان لە جیهاندا لە سالی (2025)بڵاوی کردەوە، نزیکە (320) ملیون کەسی کە (5,8%) دانیشتوانی جیهان بەکارهێنەری ماددەهۆشبەرەکانن و زیاتر لە (36) ملیون کەس پێویستیان بە چارەسەری پزشکی هەیە ، هەروەها بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەی تەندروستی جیهانی لە ساڵی(2025) دا زیاتر لە (675) هەزار کەس بە هۆی بەکارهێنانی حەب ودەرزی وماددەی هۆشبەرەوە مردوون (UNODC، 2025). لە هەرێمی کوردستانیش مەترسیی بە کار هێنانی ماددەی هۆشبەر تادێت زیاتر دەبێت. لە ڕێکەوتی(2026/1/29) بە پێی دواین ئامارەی بەرێوبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددەهۆشبەرەکان لە پارێزگای هەولێر و دهوك لە ساڵی (2025)دا(1708) تۆمەتبار دەستگیرکراون، لەم ڕێژەیە (1034) تۆمەتبار کڕین و فرۆشتنیان بە ماددەی هۆشبەرەوە کردووە و (674) تۆمەتبار بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر بوون. دەست بەسەر بڕی (922) کیلۆ و (963) گرام لە ماددەی هۆشبەری جۆراوجۆر لەگەڵ (12,194) شیت حەبی هۆشبەر. ئەوانەی کە دەست بەسەر کراون ڕێژەی لە(46%) لە تەمەنی نێوان(18بۆ30)ساڵی دایە کە ڕێژەیەکی بەرچاوی بەر گەنجان و لاوان کەوتووە، و ئەمەیش ئەو دەگەینێت کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەکار هێنانی ماددەی هۆشبەر لە بەرزبوونەوەدایە ، چ ئەوانەی ئالودە بوون و چ ئەوانەی بازرگانی پێوە دەکەن.(ڕاگەیاندنی بەریوبەرایەتی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان). کێشەی سەرەکی ئەم بابەتە بە پشت بەستن بە تیۆرەکانی کۆمەڵناسی خالی گرنگی و زانستیانە پر دەکاتەوە. کە ئایا هوکارەکانی بەکارهینانی ماددەی هۆشبەرەکان لە لای گەنجان چیە؟

2- گرنگی توێژینەوەکە

أ- ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات کە چوارچێوەیەکی تیۆری کۆمەڵناسی بۆ شیکاری ئەم دیاردەیە لە کوردستان دا دروست بکات .

ب- ئەنجامەکانی دەتوانرێت لە سیاسەتگوزاری کۆمەڵایەتی، پرۆگرامەکانی پێشتگیری، خزمەتگوزارییە تەندروستییەکاندا بە کاربهێنرێن.

ت- ئەم توێژینەوە ببێت بەسەرچاوەیەك بۆئەوپسپۆرانەی کەگرنگی بەگەنج و ماددەهۆشبەرەکان ئەدەن بە دانانی پلان بۆڕێگری گرتن وکەمکردنەوەی ئەم دیاریدەیە.

3- ئامانجی تۆێژینەوەکە

ئامانجی سەرەکی بریتیی لە زانینی هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە ناو گەنجانی کوردستاندا.

ئامانجی لاوەکی بریتیی لە :

أ- زانینی شێکردنەوەی پەیوەندی نێوان تیۆرەکانی (فێربوون کۆمەڵایەتی ، وردە کلتور ، بێبەشکردنی ڕێژەی ، هەڵسو کەوتی خێزانی، گروپی هاوتەمەنەکان، کاتی بەتاڵ. دەرفەتی نایەکسان) لە ناو گەنجاندا.

ب- زانینی شێکردنەوەی تیۆرەکانە ماددە هۆشبەرەکان و پەیوەست کردنی بە گەنجانی هەرێمی کوردستانەوە.

4- میتۆدی توێژینەوە:

وشەی میتۆد بە گشتی ڕێگەیەکە یان کردەیەکە کە توێژەر دەیگرێتە بەر بۆ وەڵامدانەوەی کێشەی توێژینەوەکەی (ئەبراش، 2013 : 100) . ئەم میتۆد بریتییە لە کوکردنەوە ، شرۆفە کردن و شیکردنەوەی زانیارییەکان بە مەبەستی تێگەیشتنێکی قوڵ و گشتگیر بۆ دیاردەیەکی دیاریکراو(العزاوی ،2016، 100). لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری وەسفی بەکارهێنراوە، کە زیاتر لە توێژینەوە چۆنایەتییەکان بە کاردەهێنرێت و لە ڕووی تیۆرییەوە بابەتەکان خراوەتەوە ڕوو بە ئامانجی وەسفکردن و پاشان شیکردنەوە یان بۆ کراوە بە سوود وەرگرتن لەسەرچاوە زانستییەکان و بەکارهێنانی ئامرازی کتێبخانەیی و گەیشتن بە ئەنجامی توێژینەوەکە (المسعودي والخضريري، 1992 : 42).

2- دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان

١- تیۆر

تیۆر وەك زاراوە : بریتییە لە کۆمەڵێك چەمك و پێناسە و گریمانەن، کە تێڕوانینێکی ڕێکخراو دەدەن سەبارەت بە دیاردەیەکی

دیاریکراو،لە ڕێگەی دیاریکردنی پەیوەندیە جۆراو جۆرەکانی نێوان گۆڕاوە تایبەتەکان بەو دیاردەیە. بە ئامانجی ڕاڤەکردنی ئەو دیاردەیە و پەیبردنیی داهاتوویانە پێی یاخود ڕاڤەکردنی هۆکاری ڕووداو و دەرکەوتبوونی ئەو دیاردەیە(غریب ، 2012: 34).

تیۆر بونیادێکی هزری هەماهەنگە و پەیوەستە بە هەندێک دیاردەی دووبارەی ژیانی کۆمەڵگە، یان کۆمەڵێک یاسای پێکەوە بەستراوە دەربارەی هەندێک دیاردە و ڕووداو کە لە ڕێگەی درک کردن و بیرکردنەوەی عەقڵانییەوە مەبەستەکانی دەگەیەنێت (النوري والحسني، 1985 : 9).

هەروەها تیۆرەکان سیستەمێکی مەعریفەی گشتینراون کە لایەنە جیاوازەکانی واقیعی کۆمەڵایەتی لێک دەدەنەوە بەجۆرێک گوزارشت لە بەرزترین پلەی تاقیکردنەوە و گشتاندن دەکەن ، پەیوەندی نێوان یاسا و کێشەکان یەک دەخەن ، یارمەتی بیرمەندانیش دەدەن بۆ دۆزینەوەی یاسا نوێیەکان و دەرخستنی بەڵگە نادیارەکانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان (الكاشف، 2000 : 4.)

پێناسە ی ڕێککاری تیۆر : بریتییە لە گوزارشت و ڕاڤەی عەقڵانی دیاردە و کێشەکانی کۆمەڵگە، دووڕە لە وێنا و خەیاڵ و مەبەست وبەرژەوەندی تایبەت و دیاریکراو، کەئەمەیش هۆکارێکی بەهێزە بۆ لایەنی بابەتی بوون ، دۆزینەوەی ڕێگە زانستییەکانی کاری توێژەر بەگشتی و توێژینەوەکان بەتایبەت.

2- مادەی هۆشبەرە :

ماددەی هوشبەرلە وشەی (Narcotic) وەرگیراوە، کە وشەیەکی ئیغریقییە بە واتایی بێهوش کردن و لە هۆش خوچوون دێت کە لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوتری(Drug)(الدمرداش،1982: 18).

- مادەی هۆشبەر: کۆمەڵێك مادەن کە دەبنە هۆی ئالودەبوون و ژەهراوی کردنی کۆئەندامی دەمار، هەروەها بازرگانیکردن و چاندن یان دروستکردنیان قەدەغەیە جگە لەو مەبەستانەی کە لە یاسادا دیاری کراوە و تەنها لە لایەن ئەو کەسانەوە بەکاردەهێنرێت کە مۆڵەتی یاساییان هەیە (المهندی ،2013 ، 23).

بە پێی یاسای ژمارە (1) ساڵی (2020) لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لە ماددەی (1) برگەی (6) کە پێناسەی بۆمادەو هۆشبەرەکان کردووە، بریتین لە (هەرماددەیەکی سروشتی، یان پێکهێنراو لەو ماددانەی، کە لە خشتەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم)ی هاوپێچی ئەم یاسایەدا هاتوون، (یاسای بەرەنگار بوونەوەی ماددەهۆشبەر و کارتێکارە عەقڵییەکانی هەرێمی کوردستان، 2020) (روژنامە وقائعی کوردستان،2020).

پێناسەی ڕێکاری بۆ ماددەهۆشبەر: مەبەست لە مادە هۆشبەرەکان لەم توێژینەوەیەدا ئەو کۆمەڵە مادانە دەگرێتەوە کە دەبنە هۆی ئالودەبوون و ژەهراوی بوونی کۆئەندامی دەمار، وێست و ئیرادەو کرداری مرۆڤ لاوازو ناهەموار دەکا و جەستەش پیرو پەککەوتە دەکا بەکار هێنان و چاندن و دروستکردنیان قەدەغەیە تەنها بۆ ئەو مەبەستانە نەبێت یاسا دیاری کردووە.

3-ئالودەبوون:

بریتییە لە دیاردەیەکی دەروونی – کۆمەڵایەتی کە تاکی بەکار هێنەر بە هۆی کۆمەڵێك پاڵنەری دەروونی جەستەیی و ژینگەیی بە شێوەیەکی درێژخایەن تووشی دەبێت و دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە خۆی و کۆمەڵگا ، هەروەها بەرزبونەوی ڕێژەی تاوان و کێشەی جۆراو جۆری دەروونی و کۆمەڵایەتی (محەمەد،2007، 27).

ڕیکخراوی تەندروستی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بەم شێوەیە باسی ئالودەبوون دەکات:بریتیە لە حەز یان بەستراوەوە بە شێوەیەکی ناسروشتی و بەردوام کە کەسانێك سەبارەت بە هەندێك لە مادە دەیانبێت (احمدی 187،1383)

پێناسەی ڕێکاری بۆ ئالودەبوون: بریتیە لە وابەستەبوونی دەرونی، ئۆرگانی بۆ دەرمانێکی دیارکراو کە ناتوانرێت دەستبەرداری ببێت بە هۆی ڕاهاتنی کۆئەندامی دەمارەوە بۆ ئەودەرمانە یاخود ئەو ماددە هۆشبەرە و لە حاڵەتی کشانەوەش لە بەکار هێنانی ئەم دەرمان و ماددە بێهۆشکەرانە دا کاریگەری دەروونی جەستەیی دروست دەکات.

4-ئالودەبوو:

بە واتای گیرۆدەی شتێك دێت(خال،1367). ئەمە بە مانای ئەوە دێت کەسەکە لە هیچ هەلو مەرجێکداو بەهیچ جۆرێك بەکار هێنانی نییە بۆ ماددە هۆشبەرەکان.. کەسێك بە هۆی بەکار هێنانی دووبارەوە بەردەوامەوە ئالودەی بە ماددە هۆشبەرەکان بەواتایی کەتر قوربانی هەردەرمانیك یان پشتبەستنی دەروونی بە ماددە هۆشبەرەکان بە ئالودەبوون ناسراوە (محسنی،1368: 47)

پێناسەی ڕێکاری بۆ ئالودەبوو: بریتیە لە وابەستەبوونی دەرونی ,ئۆرگانی بۆ دەرمانێکی دیارکراو کە ناتوانرێت دەستبەرداری ببێت بە هۆی ڕاهاتنی کۆئەندامی دەمارەوە بۆ ئەودەرمان و ماددە هۆشبەرە و لە حاڵەتی کشانەوەش لە بەکار هێنانی ئەم دەرمان ماددە بێهۆشکەرانە کاریگەری دەروونی جەستەیی دروست دەکەن.

5-گەنج :

لە"المصباح المنير" دا گەنج بریتییە لە چالاکی و هێز و خێرایی (فهمی، 1982).(مارغریت مید) (1901- 1987) مروڤناسی بە ناوبانگی ئەمریکی پێناسەی گەنجێتی بەم شێوازە دەکات: (دەتوانین بڵێین کاتی گەنجی دادەنرێت بە (ئەگەر و ئایا) کە دو تایبەتمەندی خۆیان هەیە ئەویش چاوەروانییە بەربڵاوەکان لە لایەك و بە ئاکام نەگەیشتنەکان لە لایەکی دیکەوە، سەردەمێك کە تێیدا دەسکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان کامڵ نەبوون (شفرز،1390: 21) .

لە ڕوانگەی کومەڵناسی گەشەوە تەمەنی گەنج لەوکاتەوە دەست پێ دەکات کە کەسە کە بالغ دەبێت ئەویش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە. چونکە ئەم تەمەنە لە ڕووی شێوازی هەڵس و کەوت و تێروانینەوە، کۆمەڵی تایبەتمەندی خۆی هەیە (ربانی، 1383 : 16).

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12594]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

لە هەرێمی کوردستان پشت بەیاسای برگەی (یەکەم) لە ماددەی یاسای ژمارە یەك ساڵی (1992) هەموار کراو لە سەر بریاری ئەنجوومەن وەزیرانی حکومەتی هەرێم، یاسای ژمارە چواردەی ساڵی (2011) یاسای وەزارتی رۆشنبیری و لاوان لە ماددەی یەکەم لە برگەی چوارەمدا، تەمەنی گەنج یان بەم شیوازە داناوە (لاوان: ئەو تۆژەن، کە تەمەنیان لە نێوان (14 تا34) ساڵ دایە).

پێناسەی ڕێکاری بۆ گەنج:لەم تۆژینەوەیەدا مەبەستمان لە گەنج ئەوتۆژەن کەتەمەنیان(18- 34) ساڵدایە کە بە هۆی بەکارهێنانی یاخود بازرگانی کردن بە مادە هۆشبەرەکانەوە لە ناو چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستاندا دەستەبە سەر کراوەن.

بەشی دووەم: - مێژووی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەرەکان:

أ -مێژووی سەرهەڵدان وبڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لەجیهاندا:

لە بارەی مێژووی دۆزینەوەی ماددەهۆشبەرەکان، مرۆڤ لە ئەزموونی گیاندارانەوە فێری بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان بووە. دۆزینەوەی ماددەهۆشبەرەکان لە دۆخی سروشتیاندا دەمانگێڕنەوە بۆ مێژووی ئاشنایەتی مرۆڤ لە گەڵ هەندێ گیاندار ، ئەو دەمانەی مرۆڤ توانی هەندێك ئاژەڵی کێوی ماڵی بکات لە هەمان کاتدا توانی سود لە ئەزموونی ئەوان وەربگرێت بۆ رایکردنی ئیش و کارەکانی ، بۆ بەهێزتر کردنی بنەماکانی ئەم گریمانەیە چەند نمونەیەك لەم بارەیەوە دەخەینە روو ،ئەو سەگەی کاتێك هەستی بە ئازار دەکرد پەنای بۆ خواردنی جۆرە گیایەکی دیاری کراو دەبردو ئەو پشیلەیەی توشی ئازاری دەبوو پەنای بۆ خواردنی گیای نەعنا دەبرد " زانستیش دواتر ئەم راستیەی سەلماند(مبارکی،1383: 55) مرۆڤ نزیکە(7000) ساڵ پێش زاینیی بە جۆری ماددەیەك ئاشنا بوو بە ناوی خاشخاش و ناوی بردوو و لەوحە قورابییەکانی کە تایبەت بو بە سومەرییەکان(5000) ساڵ پێش زاینی کە کونترین نەتەوەن تریاکیان بە کارهیناوە و لە مصر خاشخاش یان ڕواندوە، و نزیك (4000) ساڵ پێش بەکارهێنان و کیشانی تریاك لە چین گرنگی زۆری پێدراوەلە ساڵی (1500) پێش زاینی توی خاشخاش لە میصرەوە بەرەو یۆنان براوە و لەوێ چاندویانەوە و و بەکاریان هیناوە کە گرنگی زۆری پێدراوە و لە کتێبی "ئاڤێستای"ش کتێبی ئایینی زەردەشتیەکانە لەوە جۆرە گیاە ناو براوە بە ناوی گیاە شاهدانە هندی بە چارەسەری پزشکی بەکارهێنەراوە بو بێهۆش کردنی نەخوش لە کاتی چارەسەر کردنیدا.(اختر محقق،1385، 78).

بەپێی ڕاپۆرتی جیهانی ماددە هۆشبەرەکان لە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ماددە هۆشبەرەکان و تاوان، لە ساڵی (2025)دا نزیکەی (320) ملیۆن کەس مادەی هۆشبەریان بەکارهێناوە و زیاتر لە (36)ملیۆن کەسیش پێویستیان بە چاودێری ورد هەیە، هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە هێزی حەشیش دەکات لە ماوەی 24 ساڵی ڕابردوودا، کە لە بەشێکی جیهاندا چوار هێندە زیادی کردووە و سەرەڕای ئەو بەڵگانەی کە بەکارهێنانی حەشیش بە تایبەتی لەنێو ئەو کەسانەی کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەکاردەهێنن، زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت، ژمارەی ئەو گەنجانەی ماددە زیانبەخشەکان بەکاردێنن بە ڕێژەی لەسەدا (40)زیاد کردووە(Report UNODC،2025).

لە نێوان ساڵانی(2010 بۆ 2019) ژمارەی ئەو کەسانەی کە ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنن بە ڕێژەی لەسەدا(22%) زیادی کردووە، بەشێکیش بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهانەوە بووە. بە پشتبەستن بە گۆڕانکاری دیمۆگرافی، دەریدەخات کە تا ساڵی(2030) ژمارەی ئەو کەسانەی کە ماددە هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن لە جیهاندا بە ڕێژەی(11%)زیاد بکات - و زیادبوونی بەرچاو بە ڕێژەی (40%) لە ئەفریقا، بەهۆی گەشەی خێرا و گەنجی دانیشتوانەوە(fo.iran@unodc.org).

ب- مێژووی ماددە هۆشبەرەکان لە عێراق

مێژووی عێراق لە بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان مێژوویەکی تازە نییە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1628) ،هەروەها لە سەروبەندی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لە ساڵی (1920) هاوتەریبی یاسا نێودەوڵەتییەکان بووە لە نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە ساڵی (1922)دا بریاری ژمارە (13) دەرکرد تایبەت بە قەدەغەکردنی چاندنی بەنگی هیندی وگوڵە خاتونە ، لە ساڵی (1938) یاسای ژمارە (44) دەرکرد وتیایدا هەمو ئەو ڕێسا بنەڕەتیانەی ڕەچاو کردوە بۆ بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان پێویستە بە هەند وەربگیرێن ، لە ساڵی(1962) بە پێی یاسای ژمارە(16) و لەکاتی چونە ناو تاقە ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ بەرەنگاری بازرگانی ماددەهۆشبەرەکان عێراقیش پابەند خۆی بەم ڕێکەتنامەیە ڕاگەیاند هەروەها بە یاسای ژمارە (6) ی ساڵی(2001) عێراق چووە نێو ڕێکەتننامەی عەرەبی بۆ نەهێشتنی بازرگانی ماددەهۆشبەرەکان.(سیوەلی، 2011: 117). لەسەردەمی حوکمڕانی بەعسدا تا کاتی ڕووخانی ساڵی (2003) ماددەهۆشبەرەکان بە شێوەیەکی ئەوتۆ بڵاونەبونەوە بە واتایەکی دی هەر لە قۆناغی حاڵەتدا بوون و نەگیشتبونە قۆناغی کێشە.بەپێی ڕاپۆرتی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (مکتب مکافحه المخدرات التابع للامم المتحده،2020) باسی لەوە کردووە کە ولاتی عێراق لە پێش ساڵی(2003) یەکێك بۆ لە پاکترین وڵاتانی ناوچەکە لە ڕووی بەکارهینان و بەرهەمهینان و هەناردە کردنەوە، بەڵام دوای ساڵی (2003) و ئازاد کردنی عێراق لە ژێر دەستی ڕژیمی بەعس بوو بە یەکێك لە وڵاتانی بەرهەمهێنەر و هەناردەی ماددە هۆشبەرەکان(محەمەد،2010، 51) .

بەپێی ئامارەکانی دەسەڵاتی نیشتمانی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان ژمارەی ئالوودەبووانی تۆمارکراو(16) هەزار کەسە، لەنێویاندا زیاتر لە هەزار منداڵی تەمەن (10 تا 14) ساڵ هەیە تەنها لە پارێزگای بەغدا، لە نێویاندا (328) نەوجەوانی خوار

تەمەنی (18) ساڵ، شەش هەزار و سێ صدو بیست و حەوت کەس لە نێوان (18 بۆ 30)ساڵ، (3هەزار و 784) کەس لە نێوان(31بۆ 40) ساڵ، هەروەها(1035) کەس لە (41 بۆ 50) ساڵ (الکاردینیا-2022).

رائید عەباس ئەلبەهدلی وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆ، رۆژی (25.11.2025) لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە بەغدا رایگەیاند: "هێزە ئەمنییەکان لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا (201) تۆری بازرگانیکردن و دابەشکردنی مادە هۆشبەرەکانیان هەڵوەشاندووەتەوە، کە (171)تۆری نێودەوڵەتیشیان تێدا هەبوو.

ئاماژەی بەوەش کرد، "دەست بەسەر(14 تون و 20 کیلۆگرام)مادەی هۆشبەردا گیراوە، هەروەها (دوو هەزار و 318)بڕیاری دادوەری لەسەر ئەو کەسانە دەرچووە کە تێوەگلاون لە دۆسیەکانی مادە هۆشبەرەکان، لەناویاندا (300)سزای لەسێدارەدان و (هەزار و 147)سزای هەتاهەتایی، جگە لەوەش (140)فەرمانی دەستگیرکردنی نێودەوڵەتی دەرچووە، هەروەها(40) ئۆپەراسیۆنی ئەمنی لە دەرەوەی سنوورەکانی عێراق ئەنجامدراون(Kurdistan24-2025).

ج- مێژووی مادە هۆشبەرکان لە هەرێمی کوردستان

مێژووی سەهەڵدانی مادە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ دوای ساڵی (1990) دەگەڕێتەوە کە بە هۆی کرانەوەی سنووری هەرێمی کوردستان بە ڕووی وڵاتانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ئەو ماددانە بە ڕێگەی قاچاخ لە ناوچە سنووریەکان دزەی کردووەتە نێوخاکی هەرێمی کوردستان (مەرتەزەوی ،2007-32) . ڕاپەڕینی ئازاری (1991)کۆڕەوێکی چەند ملیۆنی بەدوای خۆیدا هێنا کە زۆرینەیان ڕوویان کردوە سنورەکانی ئێران و بە شێکیشیان تەنانەت دوای ئازاد بوونی هەرێمی کوردستان هەر نەگەڕانەوە لە ئێراندا مانەوە،بەم جۆرە کەم تا زۆر لە ئێران بە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان بارگاوی بوون ، دواتریش لە قۆناغی گەڕانەوەیاندا ئەم کێشە نەخوازراوەیان لە گەڵ خۆیاندا هێنایەوە بۆ هەرێمی کوردستان ،هەروەها لە ساڵی(1991) تا ڕووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی (2003) ئەم رژێمە گەمارۆی ئابوری لە سەر هەرێم دانا بوو، هەرێمی کوردستان دابڕا بوو لە حکومەتی ناوەندی ، بە جێی ئەوە پەیوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ بە تایبەت ئێران پەرە پێ دەدا بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوحاڵەتە ، ئەمەش کەم تا زۆر وای دەکرد کاریگەری ئەم وڵاتە لە ڕووی بەکاربردنی مادە هۆشبەرەکان لە سەر هەرێمی کوردستان زیاتر بکات (تەها،2018 -58).

بە پێی ئامارەی بەڕێوبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادەهۆشبەرەکان لە ڕێکەوتی(26\12\2019) کە ڕاگەیاند لەساڵی (2019)دا (1712) تومەتبار دەستگیرکراون کە (203 کیلو 16گرام)مادە هۆشبەریان پی بوو بە پی ئەم زانیاریان نزیك (530) کەسی یان سزا دراون و هەزارو (182)و کەس پەراوەی لیکۆڵینەوەی بۆ کراوتەوە، بە پێی وتەی بەڕێوبەری گشتی ماف مرۆڤ دەڵێت ئەو ئامارانەی کە لای ئیمە بوون بەم شێوە بوو، ئەوانەی بە ماددەی هۆشبەر حوکم دراون لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، سلێمانی و دهوك (1146) کەس بوون و (987) کەسیش بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر بوون و (283) کەسی تر بازرگانییان پێوە کردووە و (1398) کەسیش لە قۆناغی لێکۆلینەوەی دادگادان و چاوەروانی بریاری دادگا دەکەن و ئەوانەی کە دەست بەسەر کراون ڕێژەی لە(65%) لە تەمەنی نێوان(14بۆ 33)ساڵی دایە کە ڕێژەیەکی بەرچاوی بەر گەنجان و لاوان کەوتووە،(2019، estanews).

بەگوێرەی ئاماری ئەندامی لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، لە کوردستان (٨٢٦) کەس لەسەر بەکارهێنان و بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر گیراون، لەو ژمارەیە (٧٥٦) کەسیان نێرن و تەمەنیان سەرووی (18)ساڵە و (15) کەسیشیان ژنن و تەمەنیان سەرووی (18) ساڵە، تەمەنی خوار (18 ساڵ 34) نێر و (21) کەسیش مێن (روداو دیجیتال،2022).

د. ئیبراهیم ڕەمەزان، بەرپرسی ڕێکخراوی ڕووبەڕووبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لەبارەی ڕێژەی تووشبووان بە ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک ئامار بڵاودەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت، " بەپێی ئەو ئامارەی ئێمە کۆمانکردبوویەوە (50)هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان ئالوودەبووی ماددە هۆشبەکەرەکان بوون، بەڵام ئەمساڵ زۆر زیادیکردووە د. ئیبراهیم ڕەمەزان بەرپرسی ڕێکخراوی ڕووبەڕووبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان گوتی، لە ساڵی (2006)لە هەرێمی کوردستان (30) ئالوودەبووی ماددە هۆشبەرەکان گیراون، لە ساڵی (2011)ئەو ژمارەیە گەیشتە (88) کەس، لە ساڵی (2016) ژمارەکە گەیشتە 508 کەس و لە ساڵی (2021)ژمارەی گیراوان بوو بە 1943 کەس.

لە ڕێکەوتی(2026/1/29) بە پێی دواین ئامارەی بەڕێوبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادەهۆشبەرەکان لە پارێزگای هەولێر و دهوك لە ساڵی (2025)دا(1708) تۆمەتبار دەستگیرکراون، لەم ڕێژەیە (1034) تۆمەتبار کڕین و فرۆشتنیان بە ماددەی هۆشبەرەوە کردووە و (674) تۆمەتبار بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر بوون. دەست بەسەر بڕی (922) کیلۆ و (963) گرام لە ماددەی هۆشبەری جۆراوجۆر لەگەڵ (12,194) شیت حەبی هۆشبەر. ئەوانەی کە دەست بەسەر کراون ڕێژەی لە(46%) لە تەمەنی نێوان(18بۆ30)ساڵی دایە کە ڕێژەیەکی بەرچاوی بەر گەنجان و لاوان کەوتووە، و ئەمەیش ئەو دەگەینێت کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەکار هێنانی ماددەی هۆشبەر لە بەرزبوونەوەدایە ، چ ئەوانەی ئالودە بوون و چ ئەوانەی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12594]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

بازرگانی پێوە دەکەن.(راگەیاندنی بەریوبەرایەتی نەهیشتنی ماده هۆشبەرەکان).

مادده هۆشبەرەکان :

مادده هۆشبەرەکان جۆراو جۆرن هەرجۆرێکیش چەندین وەرگیراوی هەیە کە هەندێکیان لە رووی تایبەتمەندی وەکو یەکن، هەندێکتریان زۆر لە یەك جیاوازن بۆیە زانایان هەریەك بە پێی پێوەری تایبەت دابەشیان دەکەن، هەندی بە پێ پۆلێنی مادده هۆشبەرەکان لە سەر بنەمای پێکهاتەکەیان،وەهەندیکی تریان لە سەر بنەمای رادەی کاریگەرییان لە سەر تاك و کومەڵگا و خیزان دابەش دەکەن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بە پێی یاساکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان مادده هۆشبەرەکانی کردوو بە دووبەش سەرەکی یەکەم ماده هۆشبەر سروشتی و دەستکردەکان ونیمچەدەستکردەکان دووەم کارتێکەرە عەقڵیەکان، مەرجیش نییە هەموو ئەو ماددانە لە هەرێمی کوردستاندا بونیان هەبێت و بەکاربێن بەڵام جۆری ماده هۆشبەرەکان زۆرن و بە پێی یاسای حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو جۆرەکانی قەدەغەن جگە لەو مادانەی کە پزشکین ولە ژیرچاودێری وەزارتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بەکاردەهێنرێن.(یاسای مادەهۆشبەرەکان،2020) لێرەدا پۆلێنی مادده هۆشبەرەکان بە پێی جۆرو پیکهاتەیان دەکەین.

آ ـ مادده هۆشبەرە سروشتییەکان : ماده هۆشبەر سروشتیەکان کە هیچ چەشنە کارێکی کیمیایی یان لە سەر نەکراوە ئەم جۆرە هۆشبەرانە گەڵاو گوڵ و بەری گیاو رووەکە سروشتیەکان دەگرێتەوە، وەك خەشخاش، شادانە، قات، کۆکا ئەم جۆرە ماددانە زۆربەی کات لە حاڵەتی سروشتیداو بە شێوەی گیایی بونیان هەیە و ڕاستەوخۆ لەو ڕووەکانە وەردەگیرێن کە مادەی هۆشبەریان تێدایە، جاچ ڕووەکی خۆرسك بێت، واتە بە بێ چاندن بروێت(محەمەد،2007 ،35).

(کەمەستی مرۆڤ تێدا نەبێت) یا خودچێنراو بێت.

خاشخاش: گیایەکی لاسکە بارێك و گەڵاکانی درێژو درشتن، گوڵێکیکی سپی هەیە و بەرزایەکە دەگاتە یەك مەترو بەری ئەو گیایە وەك توپێك وایە کە لە دوای وەرینی گەڵاکانی لە سەر لاسکەی ئەو گیایە دەردەکەوێ.

شادانە: گیایەکە، کە زۆرتر لە گەزنە دەچێ و بەرزاییەکەی دەگاتە دوومەترو گەڵاکانی درێژن دانەیەکیان رەشەو ڕۆنیکی بۆن پیسی هەیە، ڕۆنەکەی دەگرن بۆ دروست کردنی سابوون بەکاردەهێنرێت ولە ئەمریکا باشور و هەندیك وڵات (ماریجوانای) پێ دەوترێت (حسینیان، 1391 ،7) .

قات: شوێنی ڕووواندنی داری قات لە ناوچە وشکاییەکاندایە، بەرزی ئەم دارە یەك تا دوو مەتر لە ناوچە نیوە ئیستواییەکاندا دەگاتە شەش مەتر، تەمەنی تا بیست ساڵ دەگات و درێژی گەڵا کە نزیك (٣تا٩)سم و پانی یەکە (١تا ٥)سم ،دوای لێ کردنەوەی گەڵا و خونچە ناسك و نەگەیوەکانی، هەموو بەیانی یەك دەستە دەکرێن و بۆ پارێزگاری کردنیان دەخرێنە نێو تووڕەکەیەکی تایبەتی و پاشان دەخرێتە بازار بۆ فرۆشتن (کریم،2009 ،136).

کوکا : ئەم دارە زۆرتر لە ئەمریکای باشورو لە ئاو هەوای تایبەتدا دەڕوێت یەك مەتر ونیو بەرزیەکەیەتی و بەشێکی زۆر لە شاخەکانی پێڕۆ وپۆلیفیا پرە لە داری کۆکایە، پیشترخەڵکی ئەو ناوچەیە گەڵای کۆکایان بە شێوەی جووین ومژین بەکار دەهێنا، کۆکا گەڵایەکی نەرم و لووسی هەیە وقەبارەی وەك هێلکە و هێشوە (بەدری ، 2007 ،49-50).

ب- مادده هۆشبەرە پاڵفتەکراوەکان :

ئەو مادده هۆشبەرانەن کە لە مادده ودرەختە سروشتییەکان وەردەگیرێن بەڵام چرییەکەیان زیاتر و کاریگەرترن لە سەر مرۆڤ ئەم جۆرەیان لە هۆشبەرە سروشتیەکان دروست دەکرێن، وەك: مۆرفین ،بەنگ، چەرس، هێرۆیین و هایدرۆ مۆرفین کە لە مۆرفین دروست دەکرێن، ئەو ماده وەرگیراوانە کاریگەری تەندروستی زۆر ترسناکیان هەیە، وەك: ئارەزووی خواردن و زیاد کردنی لێدانی دڵ و لەرزین و فراوانبوونی گلێنەی چاو (کلمن،1382 ،30).

مۆرفین: جەوهەری تریاك، بە مادەی کیمیایی لە تریك جیا دەکرێتەوە و لە تریاك بێ رەنگترە، تامی تاڵە.

هێرۆئین: توزیکی سپییە کە لە مۆرفین دروست دەکرێ و لە مۆرفین و کۆکائین بەهێزترە و بەکارهێنانی مەترسی زۆری هەیە، تووشبووەکان بە شێوەی بۆن کردن یان لە ڕێگای لووتیانەو بەکاری دەهێنن ولە دوای ماوەیەکی کورت شوێنەوارلە سەر تووشبووەکان دادەنێ (سیویلی،2011، 85)

بەنگ: تۆزێکە لە تێکەڵاوی گەڵاو شاخەکانی تازە گوڵدار بووی شادانە دەیگرن، کە بە هۆی ماددەیەکی کیمیایی کە هەیەتی وەك توتن لە سەر قلیان و دەمنە دەپڕێژن و بەکاری دێنن، دیارە گیراوەکە بەنگاوی پێ دەڵێن کە وەك ئاو دەیخۆنەوە و مادەیەکی لێ دروست دەکەن کە لە کاری پزیشکی دا کەڵکی لێ وەردەگرن.

چەرس : ماددەیەکە، وەك بنێشت ، هۆشبەر و کیمیایی لە ڕووەکی شادانە دروست دەکرێ. بۆ ئەو کارە شادانە لە نێو پارچەیەکی زبر دەگوشن تا ئەو ماددەیە لە نێو پارچەکە دێتەدەر و بە کار دەهێنن لە گەڵ جگەر و قلیان (بەدری ، 2007 ،70).

ج- مادده هۆشبەرە دەستکردەکان یان کیمیاییەکان :

ماده ڕێگە پێنەدراوەکان بە پێی فۆرمۆلی کیمیاویی خۆیان پێناسە دەکرێن، بۆخۆ دزینەوە لەو کۆسپە یاسایانە، کیمیازانەکان نهێنییەکان، پێکهاتەی مولکولی ئەو مادده ڕێگەی پێنەدراوانە بە مەبەستی بەرهەمهێنانی مادەی وە ك خۆیان لە ژێر ناوی مادده دەستکردەکاندا دەگۆڕن، ئەو مادانە دەتوانن سەدان جار بەهێزتر لەو مادانەی بن کە لێیان دروست دەکرێن (ئەلیسکەندەر،2007،57). مادده هۆشبەرەکان کە لە کارلێکی ساده لە مادده دەرهێنراوەکان لە ڕووەکی ماده هۆشبەرەکە ئاماده دەکرێن، بە جۆرێك کاریگەرییەکەی زۆر لە مادده سروشتییەکە بەهێزتر، لە لایەن تاقیگەی دەرمان و کۆمپانیاکانیانەوە یان لە لایەن تاقیگەی

ناوەندەکانی تۆژینەوە، وەك قالیۆم و ئەمفیتامیناتەکان.بەڕێگەی کیمیاوی و لە سەر شێوەی حەب و گولاج و شروب و دەرزی بەرهەم دەهێنرێن (صعب، 2015). هەریەکە لە "خەوێنەرەکان و ئارامبەخشەکان"دەچنە ئەم خانەیەوە.دەرمانەکانی دژە خەمۆکی Antidepressant drugs"ودژە دڵەڕاوکێ" Antianxiety drugs"ودژەسایکۆتیك Antipsychotic دەگرێتەوە. وەکو: هەڵوەسکارەکان ، ئەمفیتامینەکان ، باربیتۆرەکان ، کیتاگۆن (نیازی ، 2000).بەکار هێنەری ئەم مادە دەستکردانە هەندێک نیشانەی لێ دەردەکەوێت وەك نەخۆشیی پارکێسون و لەرزینی کە بە دەست خۆی نەبێ، لە هۆش خۆچوون، قسەکردنی ناڕوون، لەدەستدانی هاوسەنگی وسەدەمەی مێشك کەچاك نابێتەوە . ئامیفتامین و میتفتامین کاریگەریەکانیان لە رووی دەروونیەوە بریتیە لە: پەرێشانی، خەمۆکی وبەدگومانی، مادەیەك کە تەنانەت بەکارهێنانەکەی بە رێژەیەکی کەمیش دەبێتە هۆی ئازاری میشک، دروستکراوی لێکچووی فین سیکلیدینن کە دەبێتە هۆی بە هەڵەچوونی هەستەکان، خەیاڵاتی بوون و کەموکوری لە تێگەیشتندا (ئەلیسکەندەر،2007، 57).

بەشی سێیەم:

1- ئەو تیۆریانەی کە پەیوەندی بە ئالودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکانەوە هەیە لای گەنجان

یەکەم: تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی(نظرية التعلم الآجتماعی)Social Learning Theory

زانا ڕۆناڵد(Ronald) و هاوکارەکانی (1979) دەریانخستوە، کە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی بە تووندی ڕەفتارەکان، وەك بەکارهێنانی دەرمان و کحول ڕوونکردۆتەوە، تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی توانیویەتی شێوازی جیاوازیی ڕەفتاری لادان بەکاربهێنێت، لە پشتڕاستکردنەوەی تیۆرییەکانی فێربوونی کۆمەڵایەتی دا، ئەنجامەکانی تۆژینەوەکان دەریدەخەن، کە بەکارهێنانی تلیاک زیاترە، لەوەدا گەنجان زیاتر کە لەگەڵ هاوڕێ کانیاندا قسەی لە سەر دەکەن و ئەو هاوڕێیانەی کە هەڵوێستی ئەرێنیان هەیە، سەبارەت بە جگەرە و تلیاک و خواردنەوە، کە بەکاردێنن، یان پێشنیار دەکەن و پەیوەندی کردن، لە گەڵ کەسانی بەکارهێنەری ماددە هۆشبەرەکاندا، یەکێکە لە گرنگترین فاکتەر کۆمەڵایەتییەکان، کە پێشبینی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لای گەنجان دەکەن (Peter,Farrow، 1990 : 134).

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی، جەخت لە سەر فاکتەری کۆمەڵایەتیی نێوان کەسەکان دەکاتەوە، لە ڕوونکردنەوەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، جگە لە فاکتەری مەعریفی و سۆزداری، ئەم تیۆرە باس لەوە دەکات، کە گەنجان باوەڕیان بە هەڵسوکەوتی لاسار لە مۆدێلەکانی ڕۆڵەوە هەیە، بە تایبەتی لە هاوڕێ نزیکەکانی و دایك و باوکیانەوە، هاوشێوەی تیۆری مەعریفییەکان، تیۆرییەکانی فێربوونی کۆمەڵایەتیش لەو باوەڕەدان، کە هەڵوێستەکانی مرۆڤ سەبارەت بە ماددەکان، بەهێزترین پێشبینیکەری خراپ بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرن لە گەنجاندا و لە سەر بنەمای تێروانینی فێربوونی کۆمەڵایەتی، ئەو گەنجانەی وا بیردەکەنەوە کە سوودەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، لە ئەنجامە نێگەتیڤەکان زیاترن (Peter, Farrow ،1990).

دەروننناس (البرت باندورا Albert Bandur)(1925) لەسەر بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لای گەنجان لەو باوەردایە، کە گەنجان دەکەونە ژێر کاریگەریی بەکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکانەوە بە تایبەتی هاوڕێ نزیکەکان و دایك و باوکی بەکارهێنەری ماددە هۆشبەرەکان، (باندورا) پێی وایە، کە مۆدێلەکانی ڕۆڵ دەتوانن، کاریگەریی خۆیان لە بەکارهێنان و ڕەتکردنەوەدا بەرهەم بهێنن، بۆنموونە، چاودێریکردنی ئەو هاوتەمەنانەی، کە تلیاک دەکێن و دەخۆن، زانیاری و شارەزایی پێویستیان بە دەستهێنانی تلیاك نییە، بە پێچەوانەوە چاودێریکردنی هاوڕێیەك، کە بەرگری لە پاڵەپەستۆیی هاوتەمەنەکانی ، بۆ بەکارهێنانی تلیاک دەکات ، کارامەیی ڕەتکردنەوەی گەنجان و کارامەیی خۆی بەهێز دەکات، چونکە توانیویەتی، ئەو شارەزاییە فێر ببێت کە پێویستە بو دووركەوتنەوە لە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان کە هەیەتی (لیتری ، 2006: 129).

دووەم: تیۆری ورده کولتوور (نظرية الثقافة الفرعية (Subcultural Theory

تیۆری ورده کولتوور ڕوونی دەکاتەوە، کە خەڵکی چۆن کاردانەوەیان هەیە بەرانبەر بە گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی و بێبەشکردنی ئابووری بە ژیان لە گەڕەکە ناڕێکخراوەکاندا، بە هۆی شیکردنەوەی شێوازی ژیانەوە، بێ ئومێدی و خەمۆکی ئەندامانی چینە نزمەکانی کۆمەڵگا، ورده کەلتوورێکی سەربەخۆ دروست دەکەن، لەگەڵ کۆمەڵێك یاسا و بەهادا، لە کاتێکدا، کە کلتوری چینە ناوەندەکان جەخت لە هەوڵی گەورە دەکەنەوە، ورده کولتووری چینەکانی خوارەوە جەخت لە هەست و سۆز و گێچەڵکردن و مەترسی دەکەن، و بۆڕی و ڕازیبوونی دەستبەجێی پێویستییەکان دەکەنەوە، نۆرمەکانی ورده کولتوور زۆرجار ناکۆکن، لەگەڵ خاڵە هاوبەشەکانی کۆمەڵگادا، چونکە هەژارانی کۆمەڵگاکە، ئەوە دەبینن،کە مەحاڵە، لەگەڵ خواستە هەڵسوکەوتییەکانی چینی ناوەندی کۆمەڵگادا بگونجێن، لە ئەنجامدا دانیشتوانی گەڕەکەکان ناچارن، یاسا بشکێنن و پەیڕەوەی لە یاسا لادەرەکان بکەن (مبارکی،2005: 79).

تیۆری ورده کولتوور لە کاریگەریی هۆکارەکانی کولتوری لە ئالودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکانەوە دەکۆڵێتەوە و بابەتی ئەم تیۆرەش زیاتر لەسەر ڕەفتاری لادانە لە ناو گەنجانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگادا بە پێی تایبەتمەندییە ورده کولتووریەکانیان، وەکو: پێوەر و بەهاکان، زمان و شێوازی ژیانیان لە هەموو ڕوویەکەوە، زانایان کۆهین (Cohen)(1955) و کلاوارد(Cloward) وئۆهلین(

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12594]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

(Ohline) (1960) و میلر(Miller) (1975) و ماتزا (Matza) (1964) لەو باوەردان، کە وردە کولتور گرنگییەکی تایبەتیی هەیە، لە ڕوونکردنەوەی تاوانی گەنجاندا، چونکە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان بە کولتور و ڕەفتاری ئاسایی ناسراون لە پێگەیەکی وردە کلتوری تایبەتدا، وەك ڕەفتارێکی لادەر لە شوێنێکی دیکە لە ژێر کولتووری تردا ڕەفتار تاوانکارانە ئەنجام بدەن (احمدی، 2010: 12).

(کوهن)، جەخت دەکات لە سەر ڕەفتاری لادانی گەنجانی چینی خواروو کۆمەڵگا، کە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئامرازەکانی گونجان، لەگەڵ ژینگەدا، بە پێی پێوەرە پەسەندکراوەکان کە کۆمەڵگا دەچەسپێنیت، هەروەها پەلکێشبوون بەرەو وردە کولتورییەکانی لادان، (میلر) پێی وایە: گەنجانی چینی خواروو لە چاوو گەنجانی چینی سەروو، بە هۆی ئازادی و سەربەخۆبوونی زیاتر بۆ چوونەدەرەوە لە ماڵەوە، زەمینەی زیاتریان تێدایە، بۆ پەلکێشبوون بۆ ڕەفتاری لادان و بەکاربردنی مادە هۆشبەرەکان و جگەرکێشان و خواردنەوەی ئەلکهۆل، کە زیاتر بەتەمەنەکان بەکاریدەێنن، (کلووارد و ئوهلاین-1926) پێیان وایە، بێ بەشبوونی چینەکانی خواروو کۆمەڵگا، بۆ دەستکەوتنی کاری گونجاو، دەبێتە هۆی ڕەفتاری لادانی گەنجان (دیڤید ماتزا) ڕەخنەی لە تیۆرناسانی پێش خۆی دەگرێت و پێی وایە، کە گەنجانی چینی خواروو، نە کولتوری زاڵی کۆمەڵگا پەیڕەوی دەکەن و نەردی دەکەنەوە، بەڵکو هەندێ ڕووداو لە دونیای بۆیان ڕوودەدات، کە دەبێتە هۆی لاوازبوونی پێگەیان، ئەم جۆرە باوەڕ و تێگەیشتنە لە واقعیدا، دەبێتە هۆی بێلایەن بوونیان، لە پابەندی ڕەوشتییان بە یاساوە، وەکو: هەڵەی ئێمە نییە، ئیمە بەرپرسیار نین، ئیمە نەخۆشین، ئیمە زەرەری هیچ کەسمان نەبووە و ئەگەر ئەو کارەشمان نەکردبایە، خۆمان هەر تووشی دەبووین، نەمدەتوانی برادەرانی خۆم بە تەنیا بەجێ بێڵیم، من ئەو کارەم لە پێناو خۆم نەکردووە، هەموو هەڵەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ دایك و باوك و دەوڵەت و کۆمەڵگا و ...هتد (محسن تبریزی ،2012: 45).

سێیەم: تیۆری گروپی هاوتەمەنەکان : نظریة کتلة الأقران (Peer the cluster theory)

ئەم تیۆریی لە لایەن (ئوتینگ وبورالیس) لە ساڵی (1986-1987)خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە، کە هەندێك لە بابەتەکانی تیۆری ڕەفتاری کێشە ئامێزیش لە خۆ دەگرێت بە پێی ئەم تیۆرە تەنیا گۆڕاوی سەرەکی لە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکاندا، کاریگەریی هاو تەمەنەکانە، کە هەڵیانبژاردوون بۆ پەیوەندیکردن لە گەڵیاندا، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، لە ژێر کاریگەریی ئەواندا پەلکێشی مادە هۆشبەرەکان دەبن (بهرامی،2005: 78).

بە پێی ئەم تیۆرە، چوار گروپ لە گۆڕاوەکان کاریگەرییان لە سەر پەیوەندییەکانی گەنجان لە گەڵ هاوتەمەنەکان بۆ بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان هەیە:

1-گۆڕاوەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی، وەك تەڵاق لە خێزاندا و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری گریمانەی ئەوەی لێ دەکرێت، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڵومەرجی پێویست بۆ بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان بێنێتە ئاراوە.

2-تایبەتمەندییە دەروونییەکان، خەسڵەتە کەسایەتییەکان، خوو ڕەفتاری گەنجان، کە پەیوەندی و دڵگیریان بە هاوتەمەنەکان زیاتر دەکات.

3-دیدگا و بۆچوونەکانی گەنجان سەبارەت بە ڕەفتاری لادان بە گشتی و بەکارهینانی مادە هۆشبەرەکان بە تایبەتی.

پەیوەندییەکانی بە کۆمەڵایەتیبوون، کە ڕوونکەرەوەی پەیوەندییەکانی گەنجانن، لەگەڵ کەسانێکدا کە لەوانەیە هاندەر، یان ڕێگر بن، لە بەکارهینانی مادە هۆشبەرەکاندا (بهرامی،2005: 79).

بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان لە لایەن کەسێکی گەنجەوە، بە نزیکەیی هەموو ماددەکان ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی گرووپی هاوتەمەنەکانە، وەك (هاوڕێ و خزم و خوشك و برا) کە ماددەی هۆشبەر دابین دەکەن و فێری ئەو گەنجانەی دەکەن، کە چۆن بەکاریبهێنن، هاوتەمەنەکان هەڵسوکەوتی گەنج لە بارەی ماددە هۆشبەرەکانەوە دروست دەکەن و زەمینەی کۆمەڵایەتیی پێویست بۆ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دابین دەکەن و پێکهێنانی ئەو گرووپە بچووکانە، کە ئەندامەکانیان لە کات و شوێنی دیاریکراودا، خەریکی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرن و بیر و باوەر و بەهاکانیان هاوشێوەن، سەبارەت بە ماددە هۆشبەرکان ئەم گرووپە بچووکانە هەمان ئەو گرووپە هاوڕێیانەن، کە تێیدا ماددەی هۆشبەر، ڕۆلێکی زۆر گرنگ دەبینێت لە پێناسەکردنی گروپەکە و پاراستنی پێکهاتەکەی و شێوە پێدانی کردارەکانیان، ئەندامانی گروپی هاوتەمەنان، لە ڕووی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەوە و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ماددەکە و بە بەراورد، لەگەڵ گروپەکانی دیکەی هاوڕێیان زۆر هاوشێوەن (محمدی،2007: 123).

یەکێکی تر، لە تایبەتمەندییەکانی گروپی هاوتەمەنەکان ئەوەیە کە لە ناو گەنجاندا بە کارهێنانی مادە هۆشبەرەکان زیادی کردووە.

أ: هەرچەندە جیاوازی هەیە و ڕەنگە هەڵوێستی ئەندامانی گرووپەکە پشتگیریان بکات، تەنانەت کاتێك کەسەکە بە تەنیا ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنێت.

ب: ئەو گەنجانەی، کە بەکارهێنەری ماددە هۆشبەرەکان نین، ئەوا ئەندام نین لە گروپی هاوڕێیاندا.

ج: ڕێژەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان ناوئەو گەنجانەی، دەبنە ئەندامی گروپێك، خێراتر یەکتر دەناسن، بۆ زورتر کێشانی ماددە هۆشبەرەکان بە دڵنیاییەوە ، جیاوازی هەیە لە نێوان شێوازی ژیان، گروپی هاوتەمەنەکان و گروپی هاوڕێیان، لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر، بە پێی جۆری بەکارهێنان و جۆری مادانەی کە بەکاردەهێنن.

لە تیۆری گروپی هاوتەمەنەکاندا ئەوا چەند مەرجێك هەیە، کە مرۆڤ لە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لاواز دەکات، یان دەتوانرێت ڕێگری بکرێت، لە خواردنی مادە هۆشبەرکان و زۆرێك لەو

مەرجانە دەگەڕێنەوە بۆ ژینگەی گەنج، فاکتەرەکانی وەك هەژاری و پەروەردەی خێزان و فاکتەری تر لە ناو تاکدا، بۆ نموونە خەسڵەتی کەسێتی و پێداویستی و بەها و باوەڕەکان کارلێککردنی ئەم فاکتەرە کۆمەڵایەتی و دەروونییانە دروست دەکەن، کە دەتوانن مرۆڤ لاواز بکەن لە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، یان بەرگرییان لێ بکات (جی لیتری، 2006: 188).

چوارەم: تیۆریی هەڵسو کەوتی خێزانی (نظرية السلوك الاسرى) the theory of family behavioy

زانا بروووك (Brook)(1990) ، ئەم تیۆرە بە تیۆری ئالۆز باس دەکات لەم بارەیەوە خاوەنی جیهان بینیی تایبەت بە خۆیەتی، (بروووك) پێی وایە، کێشەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لەسۆزی خێزانەوە سەرچاوە دەگرێت و بوونی پەیوەندبی سۆزدارانە، لە نێوان ئەندامانی خێزان بە تایبەت دایك و باوك و منداڵەکانیان، هەروەها تایبەتمەندیی دەروونیی ئەندامانی خێزان کاریگەریی راستەوخۆی هەیە لە سەر بڵاوبونەوەی ئەم دیاردەیە، بۆ ئەو مەبەستەش زانای (بروووك) چوار هۆکار بۆ وابەستە بوونی خێزانی و سێ پەیوەندی دەستنیشان دەکات و پەیوەندییە خێزانییەکان دەکاتە پێوەر و بنەما بۆ خراپ بەکارهێنان، لەم بارەیەوە پێی وایە، بوونی هەر درزێك لەم پەیوەندییانە بۆی هەیە، ببێتە هۆی ناوەندێکی لەبار بۆ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان (محمدی،2007: 126).

هۆکارە خێزانییەکانی خراپ بەکارهێنان و ئاللوودەبوون :

1- تا چەند بەهای کۆمەڵایەتی وەرگیراو لە دایك وباوکەوە، خراپ سەیری پەیوەندییە خێزانییەکان بکات، ئەوەندەش منداڵ لە ژینگە خێزانییەکەی، زیاتر ڕا دەکات و بۆ سەرچاوەی تر دەگەڕێت.

2-هەتا چەند چاودێری کردنی منداڵ، لە لایەن باوانەوە، پشت گوێ بخرێت، هێندەش زیاتر مەترسی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە سەر منداڵ زیاتر دەبێت .

3- تا دایك لە ڕووی دەروونییەوە تەندروستتر بێت، کاریگەریی لە سەر پەیوەندییە خێزانییەکان زیاتردەبێت، و ڕێژەی خراپ بەکارهێنان کەمتر دەبێت .

4-چەندێك دایك زیاتر بتوانێت، کۆنترۆڵی منداڵەکانی لە ڕووی پەروەردەییەوە بکات، کاریگەریی ماددە هۆشبەرەکان لە سەری کەمتر دەبێت (محمدی،2007: 127).

ئەو کەسانەی لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکاریدا، خاوەنی پەیوەندییەکی تەندروست و باش بوون، لە ناوخێزان و قوتابخانەدا، کەمتر دوچاری مادە هۆشبەرەکان دەبنەوە، چونکە لایەنی دەروونی و جەستەییان باش پەروەردە کراوە و توانای بەرەنگاری ئەم دیاردەیەیان هەیەو زیاتر کەوتونەتە ژێر کاریگەریی ویژدانی گشتییەوە، (بروووك) گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە پیادەکردنی ڕەفتاری نەرم و نیان لە لایەن دایك وباوکەوە بۆ منداڵەکانیان، دەبێتە هۆی ئەوەی، ئەو منداڵانە کەمتر بکەونە بەر هەرشەی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان، لە کاتێکدا پیادەکردنی ڕەفتاری توندوتیژ لە خێزاندا وا دەکات، منداڵێکی دوژمنکار بۆ باوانیان بەرهەم بێت و دواجار، وەك تۆڵە کردنەوەیەك لە خێزان یان، وەك ڕاکردنێك لەو ژینگە خراپە، دوچاری ئالودەبوون دەبێتەوە (وردی پور،2006: 21-31). ئەم تیۆرە جەخت لە سەر بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دەکاتەوە و کومەڵێك تایبەتمەندیی دەروونیی منداڵان و گەنجان دەخاتە ڕوو، کە بریتین لە : گوێ پێنەدان و بێ ئاگای لە پێشکەوتن ، بروا بە خۆ نەبوون خەموکی، دەستدرێژی ، یاخیبوون و کۆنترۆڵ نەکردنی خود، ئەمە ئەوە دەردەخات، کە هەردوو پەیوەندیی داینامیکیی منداڵ و دایك و باوك خەسڵەتیی کەسێتی گەنج ڕۆڵێکی گرنگ و سەربەخۆ دەبینن لە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکاندا (وردی پور،2006: 32).

خێزان بەرپرسە لە پێکهێنانی کەسێتیی گەنج و چوارچێوە گشتییەکەی، کە کۆی ڕۆڵە جیاوازەکان فەراهەم دەکات، لێرەوە ئەو خێزانەی، کە نەتوانێت مامەڵەیەکی دروست، لەگەڵ گەنجدا بکات و ئازادییەکانی گەنج سنووردار بکات و مامەڵەی خراپیان لەگەڵدا بکات، ئەوا گەنج توشی دڵەڕاوکێ (قلق) و لەدەستدانی متمانە بەخۆی و بە خێزان دەبێت، هەروەها جیاوازیکردنی نێوان منداڵان لە لایەن دایك وباوکەوە، ناز پێدانی زیاد، ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر گەنج دەبێت، لەگەڵ ئەمانەشدا کێشەی هەژاریی خێزانەکان ڕۆڵێ هەیە، لە پرکردنەوەی پێداویستییەکانی گەنج، کە ئەمەش ترس بۆداهاتوو دروست دەکات (غباری ،1989: 138).

پێنجەم: تیۆری بێبەشکردنی ڕێژەیی(نظرية الحرمان النسبى The Thyory of relative deprivation)

بۆ یەکەمجار تیۆری زەوتکردنی ڕێژەیی لە لایەن کۆمەڵناسان جودیس و پیتەر بلاوە (1982) پێشنیازکراو و بلاو بووەوە، ئەوان چەمکەکانیان لە تیۆری ئەنومی تێکەڵ کرد، لە گەڵ ئەوانەی کە لە مۆدێلی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا دۆزڕاونەتەوە، بە بڕوای ئەوان خەڵك، لە چینە نزمەکان لەوانەیە هەست بە دووبەرەکی بکەن لە کاتی بەراوردکردنی باردۆخی ژیانیاندا، لە گەڵ کەسانی دەوڵەمەنددا، ئەمەش دەبێتە، هۆی هەستکردن بە نادادپەروەری و نارەزایی و دروست کردن و نەبوونی متمانە، بە ئەوانەی هەڵی پێشکەوتنیان ڕاگیراوە، ئەمەش هەستێکی بێدەسەڵاتی دروست دەکات، کە دەبێتە هۆی دوژمنایەتی وتوندوتیژی و تاوان (مبارکی، 2005: 74).

تاوانناسەکان پێیان وایە، کە نایەکسانی لە داهاتدا، کۆمەڵگا تووشی تاوان دەکات و ڕێژەی تاوان تێیدا زیاد دەکات، چونکە کەلێنی سەرەکیی نێوان دەوڵەمەند و هەژارە، ڕق و بێ متمانەیی دروست دەکات و باردۆخێکی لەو شێوەیە لە کۆتاییدا، دەبێتە هۆی توندوتیژی و تاوان، لەو کۆمەڵگایانەی نایەکسانی داهات زیادی کردووە، جۆرێك لە سوکایەتیکردنە بەرانبەر بە کەسانی کەمدەرامەت، ئەمەش هاندەرێکە، بۆ ئەنجامدانی کرداری تاوان، دەروونناسەکان باسی ئەوە دەکەن، کاتێك گەنجان نیگەرانن لەو باردۆخەی ژیانیان، تێیدان، لە ئەنجامدا ئەو کەسانە توشی ئیرەیی دەبن، ئەگەر نەتوانن، شێوازی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12594]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

شەڕەنگیزی وترسناك لە کێبرکێی کۆمەڵایەتیدا بەکاربهێنن، ئەوا ئەگەری سەرکەوتنی داهاتوویان کەمتر دەبێت، بۆیە زۆرینەی ئەو کەسانە، تاوان و تووندوتیژی ئەنجام دەدەن (Lettreri، 12:1982). زانا یونگ جوك (Young jock) سەرۆکی بەشی تاوانناسیی زانکوی (میدل)، لە بارەی بێ بەشکردنی ڕێژەیی دەڵێت: زۆربەی ئەو تاوانانەی، کە ئەنجام دەدرێن، بە هۆی نایەکسانیی دابەش کردنی داهات بە سەر تاکەکانی کۆمەڵگادا ڕوودەدەن، هەست بە بێ بەشکردنی ڕێژەیی لە ڕابردوودا، لە ناو چینی خوارەوەی کۆمەڵگا دابوو بەڵام ئیستا لە ناو هەموو چین و تویژەکاندا، هەستی پی دەکرێت(jock 2001:27). ئەوەی ئێستا ئەم بێ بەشکردنی ڕێژەیی زیادکردووە، پێداویستییەکانی تاکەکانی نێو کۆمەڵگای پیشەسازی، وەکو ئوتومۆبیل، پێداویستییە کارەباییەکان، جۆری جلو بەرگ و خانوو، و لایەك تر‌ەوە، دانەمەزراندن و هەڵی کار، نائارامی خێزان و بێکاری و هەژاری و نا ئارامی سیاسی و شەر، وا دەکەن، کە گەنج بەڕووی ماده هۆشبەرەکان هەنگاو بنێت(parscns.1975.p295).

شەشەم: تیۆریی کاتە بەتاڵەکان(نظرية الوقت الفراغ) Theory of free leisure

زانا (جۆرج زێمێل، 1858-1918)، یەکێك بوو لە کۆمەڵناسە کلاسیکییەکانی ئەڵمانیا، لە تیۆرییەکەیدا سەبارەت بە کۆمەڵناسیی کاتە بەتاڵەکانە، توانی ڕوونکردنەوە بدات، لەسەر بڵاوبوونەوەی ئالودەبوون بە ماددەهۆشبەرەکانەوە لە کۆمەڵگادا، (زێمێل) پێی وایە، لە کولتوری مۆدێرن و لە پرۆسەی مێژووی نوێدا، زیادبوونی ئازادیی تاك بەندە بە وابەستەیی چری کۆمەڵایەتیەوە کەسیەوە، جۆرەها چالاکیی کات بەسەربردن هەن کە ڕێگە بە مرۆڤ دەدەن خۆی لە کەسانی دیکە جیا بکاتەوە، کە مێتود و کرداره خێراکانیان ئەم جیاکارییە ناسنامەی کەسی پێك دەهێنێت، لە سەر ئەم بنەمایە، هەمووان شێوازێکی تایبەت بۆ جیاکردنەوەی خۆیان پەیرە و دەکەن، لە کەسانی دیکە(حسینی ،2011 : 46) .

لەم ڕێنگەیەدا، مرۆڤ هەوڵ دەدات لە ڕەوتی یەکدەنگی ژیانی ڕۆژانەی دەربچێت و بە یاسای تایبەت هەنگاو بنێتە ناو کایەی چالاکییەوە، لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا، کە بەرەو مۆدێرنیزم هەنگاو دەنێن، ئەو کەلتووره مۆدێرنە، کە تیایدا بانگەشەی بۆ دەکرێت، دەخاتە لاوە، دەرفەتێکی بۆ دەڕەخسێت، کە ناچاری سنووردکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە بیر بکات و هەوڵی کرداری نائاسایش بدات، بە پێی ئەم تێروانینە دەتوانرێت، ئاماژە بەمرۆڤە ئازاد و تاکگەراییەکانی ئەمرۆ بکەین، کە بە لە بەر چاوگرتنی سروشتی ژیانی مۆدێرن لە پشت بەستەڵەکاندا هەنگاویان ناوە و بە دوای خۆشی و تێپەڕبوونی کاتدا دەگەڕین و ڕوو لە ئالودەبوون دەکەن، ئەمە بە تەنیا بۆ کات کوشتن، ئەم تیۆرە ڕونکردنەوەیەکی زۆر باش بۆ ئالودەبوون لە چین و تویژە هەستیارەکانی کۆمەڵگادا دەدات، چونکە هەمیشە هەوڵ دەدەن لە کردەوە کانیاندا جیاوازی لە گەڵ کەسانی تردا بکەن، تەنانەت لە کات بەسەربردندا، هەرچەندە ئەم کات تایبەت بێت بە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکانەوە، کە دەبێتە هۆی ئالودەبوونیان، بەهۆی ئەوی کە شارە گەورەکان گۆڕانکاریی گەورە لە ژمارەی دانیشتوانیاندا دروست بوون و خەڵکی کەم دەرامەت و هەژار لە شوێنی زۆر قەرەباڵغدا ژیان بە سەر دەبن و شوێنی یاری کردن و پارکی بۆ بەسەر بردنی کات تێدا نییە، ئەم شوێنانە دەبنە هۆی بەکارهێنەرانی ماده هۆشبەرەکان و زۆر بوونی تاوان ولادان، کە زۆرینەی گەنجان دەگرێتەوە (زکایی،2013: 27). ئەو کەسانەی، کە ئالودەی ماده هۆشبەرەکان دەبن، لە چینە دەوڵەمەندەو خاوەن سەرمایەدارەکانن و زۆرینەیان کاتە بەتاڵەکانی خۆیان بە گۆشەگیری دەبەنە سەر و پەنا دەبنە بەر بەکارهینانی ماده هۆشبەرەکان و کاتی خۆیان بەماده کحولی و قومار بە سەر دەبن(حسینی ،2010 : 47).

حەوتەم: تیۆریی دەرفەتە نایەکسانەکان(نظرية‌الفرص الفارقه) the Difference opportunity theory

کۆمەڵناسان (کلوارد و اوهلین)، لەسەر بنەمای تیۆری ئیکۆلۆژیای کۆمەڵناسیی(مێرتۆن) مامەڵەیان، لەگەڵ کێشەی زۆری دەرفەتە نایەکسانەکاندا کردووە، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانیانەوە بۆیان دەرکەوتووە، لە هەندێک بواردا، گەنجانی چینی خوارەوە لە کێبرکێی گەیشتن بە ئامانجەکانیاندا سەرکەوتوو نین، یان لە ئێستاوە خۆیان بە سەرکەوتوو نازانن، لە کاتێکدا کۆمەڵگە هانیان دەدات بۆ گەیشتن بە ئامانج و بەهاکانیان ، ئەم کەسانە وا دەزانن، کە سیستەمی کۆمەڵایەتی ڕێگرە لەبەردەم سەرکەوتنیان و هۆکاری شکستیانە، تووندوتیژی و شێوازی نایاسایی بۆ پێکهێنانی وردە کولتوور لەو ناوچانەدا بەکاردەهێنن، خاڵی گرنگ ئەوەیە، کە هەموو ئەم خەڵکانە سەرکەوتوو نین، لە بەکارهێنانی شێوازی نایاسایی و گەیشتن بە ئامانجەکان بە ڕێگەی نایاسایی و ئەم نایەکسانییە دەرفەتە بۆ هەڵسوکەوتی لادەرەکە، دەبێتە هۆی دروستبوونی وردە کولتوری جیاواز لەم ناوچانەدا و لە نێو خەڵکی تاوانکاردا، دوو گروپ سەرکەوتووترن و دوو جۆر وردە کولتوور پێکدەهێنن، تاوانبار و خراپەکار، بەڵام ئەو خەڵکانەی، کە دووانە وردە کولتوورەکانیان قبوڵ کردووە ،(کە یان بە شێوازی نایاسایی بە تووندوتیژی دەگەنە ئامانجەکانیان ، یان تووندوتیژ دەبن و دەستدرێژی دەکەنە سەر موڵکی خەڵکی)، چ لە کۆمەڵگادا یان لە گەڕەکە گەورەکاندا، ڕووبەڕووی شکست دەبنەوە، ڕوو لە خۆبەدەستەوەدان دەکەن (کاوه ،2013: 97).

سەبارەت بە دیاردەی ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکانەوە، دەکرێت دوو جۆر لە گۆشەگیری لە بەرچاو بگیرێت، گۆشەگیری شێوازێکی گونجاندنی کەسییەکە، مرۆڤەکان بەهۆی نەگەیشتنیان بە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان، هەوڵیان داوە، خۆیان لە کۆمەڵگا دوور بخەنەوە. ئەوان بە تەواوی وازیان لە هەڵوێستی بەرژەوەندیخوازی هێناوە و بەم شێوەیە هەم بەهاباڵادەستەکان و هەم ئامرازە قبوڵکراوەکانی بەدەستهێنانیان، ڕەت دەکەنەوە و ڕەنگە ئەم کەسانە چەندین جار هەوڵیان دا بێت، بەرەو ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان هەنگاو بنێن، بەڵام دووبارە شکستیان هێناوە، ئەمەش وایکردووە، کە بێزار بن و لە

ڕێگای پێشخستنی ئامانج و ئامرازە یاساییەکانیان دوور بکەونەوە (لهراسبي ،2004: 20).

2-گەنج و مادە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان:

گەنج، بیرو باوەڕ و هیوا و ئاواتە بۆ دواڕۆژ، گەنج سمبول و نیشانەی هێز و گەشبینە، کاتی گەنجێتی کاتی ئەویندارى و تێکۆشان و پێشکەوتنە، چینی گەنجان لە هەمانکاتدا بەرهەمن و بەرهەم هێنەرێشن، گەنج چینی گۆرانخوازییەن، وڵە هەموو وڵاتێکدا گەورەترین شەپۆڵە بۆ سیاسەتمەداران و دەسەڵاتداران. لە زۆربەی شۆرش و گۆڕانخوازییەکانی جیهاندا، سەرەکترین فاکتەری بەرهەمهێنان و چاکسازی و چاکخوازی، لایەنی ئابووریە، بەڵام لە کاتی تێکچونی هەر وڵاتێك، کە سیاسەتەکەی توشی گرفتاری گەندەڵی ببێت، ئابووریەکەی بێ سیستەم و بێ بەرنامە ببێت، ئەدەبیاتی پەشێو و بێ چوارچێوە بێت، زمان و کولتوور و هەست و بیر وباوەڕی لاوازببێت وتووشی نەهامەتی ببێت، ئەو کاتە گەنجان و لاوان یەکەم و نزیکترین توێژی کۆمەڵگان دەبن کە باج دەدەن (عبدالرحیم،2020، 5)

گەنجان گەورەترین توێژی کۆمەڵگان کە لەوبارەیەوە ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری، ئەویش بەهۆی تایبەتمەندیی دەروونی گەنجەوەیە، چونکە زۆر بەکەمی رازی ئەبێت کە کەلتوری کۆمەڵگا زاڵ بێت بەسەریدا. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی، هەرچەندە هەندێك جار یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە نێگەتیڤە، بەڵام ڕەفتارێکی چاوەڕوانکراوە لە گەنج، لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتی ودەروونی وجەستەییەکانەوە و لە قۆناغی گواستنەوەدایە (سعید،2004 ، 16).

توێژینەوەکان ئاماژە بە زیادبوونی ڕێژەی جگەرەکێشان، خواردنەوەی مادە کحولیەکان بێهۆشکەرەکان دەکەن لەنێو گەنجاندا. لە بواری هۆکارە پەیوەندیدارەکان لە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکاندا، توێژینەوەکانی ئەم دواییە سەرنجیان لەسەر چەندین هۆکار داوە . هەرچەندە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکاندا جەختیان لەسەر دەکرێتەوە، بەڵام بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان هەندێك جار پەیوەندییان بە پرۆسەی بایۆلۆژی و دەروونیشکارەوە هەیە. هەروەها توێژینەوەکانی پەیوەست بە هۆکارە بایۆلۆژی و بۆماوەییەکان وەك هۆکارێك کە کاریگەرییان لەسەر ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان هەیە، بە خێرایی فراوان دەبن (Newcomb،1995).

لە بواری تاک فاکتەرەکاندا، گرنگی بە پەیوەندی نێوان کێشەکانی خۆڕێکخستن و کێشە مەعریفیەکان دراوە، وەک: بێتوانایی لە پلاندانان، کێشە لە سەرنجدان و تێگەیشتن، سەختی، ڕق لە خۆبوون، و کۆنترۆڵی جوولەیی، لەگەڵ خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردن. هەروەها هەندێك لە توێژەران فاکتەرە خێزانییەکانیان وەك هۆکارێك بۆ بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان ڕوونکردۆتەوە، و دەریانخستووە کە بوونی کێشەی دەروونی، وەك خەمۆکی و دڵەڕاوکێ لە دایکاندا پەیوەندی بە بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان لە منداڵاندا هەیە.

بەپێی ئەم دۆزینەوانە، پسپۆرانی بواری خۆپاراستن جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە بەرنامەکانی خۆپارێزی گەنجان لە تەمەنێکی کەمتردا بگرێتەوە بۆ دەستێوەردان، چونکە ئەو بەرنامانەی پێش خوێندنی ئامادەیی گەنجان دەکەنە ئامانج، دەتوانن زۆر سەرکەوتوو بن لە ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و بەکارهێنانی لە تەمەنی پێگەیشتوودا. داڕشتن و پەرەپێدانی بەرنامەکان بۆ ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە نێو گەنجاندا، پێویستی بە تێگەیشتنێکی دروست هەیە لە بڵاوبوونەوە وهۆکارە پەیوەندیدارەکان بەم دیاردەیە (Springer & Herman ،2004 Sambrano).

لە هەرێمی کوردستان بیرە و کحول یەکەم ماددەن کە گەنجان دەیخۆنەوە، پاشان جگەرە و کحول بە ڕێژەیەکی بەرز دەخورێتەوە، لەگەڵ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرە نایاساییەکانیتر. بە دەگمەن پێش تاقیکردنەوەی حەشیش ڕوودەدات. لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکاندا، ڕەفتاری دایك و باوك زۆر گرنگە لە مەیلی خواردنەوەی کحولی زۆر گەنجاندا، لە قۆناغەکانی دواتردا، کوالێتی پەیوەندی نێوان دایك و باوك و منداڵ گرنگە، بەجۆرێك کە گەنجان گرنگن بەشدارە فۆرمەکانی مەترسیدارتر لە بەکاربردن بکەن. ئەم جۆرە دۆزینەوانە سەبارەت بە کاریگەری نێوان کەسی زنجیرەیەك ڕەفتار، بەها و هەڵوێست، بەسوودن بۆ باشتر تێگەیشتن لە سروشتی جموجوڵی بەکاربردن. هەروەها تایبەتمەندی هاوشێوەیەك هەیە سەبارەت بە ڕۆڵی ڕەفتارە تاوانبارەکان. ڕەفتارە تاوانبارانە جیاوازەکان زۆر گرنگن لە دەستپێکردنی خواردنەوەی کحولدا، بەڵام ڕۆڵێکی کەم دەگێڕن لە دەستپێکردنی ماددە نایاساییەکانی تر(Litieri et al،2004،194).

بە پێی توێژینەوەیەکی زانستی لە زانکۆیی سلێمانی، ئەو ماددانەی کە زۆر بەکاردەهێنرێت و بازرگانیان پێوە دەکرێت لە ناو چینی گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا بریتین لە:(حەبی ترامادۆل، شیشە، هیروئین، کریستاڵ ، ئەمیفاتین و تریاك) و جۆری ترش بەکاردەهێنرێن. لەگەڵ فراوانبوونی بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان، یەکێك لە ترسناکترین ماددەکان لە جیهاندا کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەر جەستەی مرۆڤ هەیە لە ماوەیەکی کەمدا، گەنج بێهێز دەکەت(عبدالرحیم، 2024: 18).

تێوڕە دەروونی وبایۆلۆژییەکان سەبارەت بە ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکانەوە باس لە هۆکارە تاکەکەسیەکان دەکەن وەك هۆکاری سەرەکی، لە کاتێکدا تیورییەکانی تر هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان وەك هۆکاری سەرەکی دەخەنە ڕوو، گۆڕانکارییە سەرەکییەکان بریتین لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغە سەرەتاییەکان، یان هۆکارە دەروونییەکان لە قۆناغەکانی دواتردا.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12594]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

دیاریکردنی قۆناغەکانی کەڵەکەبوون لە ڕەفتارەکانی بەکارهێنانی هەر مادەیەکدا، کاریگەری میتۆدۆلۆژی و چەمکی گرنگی هەیە بۆ دیاریکردنی هۆکارەکانی پەیوەست بەو بەکارهێنانەو، یان وەك هۆکار یان وەك دەرئەنجام. ڕەنگە پەروەردەی تایبەت ملکەچی بنەما و مێژووی کولتووری بێت.

بەشی چوارەم : تاوتویی کردنی بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان لە بەر ڕوشنایی تیۆرەکان

یەکەم: تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی(نظرية التعلم الآجتماعی)Social Learning Theory

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی کە ئەلبێرت باندورا (Bandura, 1977)دەریی خستووە، لەو بروایەدایە کە مرۆڤ ڕەفتارەکانی خۆی، وەك بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان، لە ڕێگەی چاودێریکردن، مۆدێلگرتن، و پەیوەندی کۆمەڵایەتیەوە فێر دەبێت. لە بنچینەی ئەم تیۆرییەدا، گەنجان ڕەفتارەکانیان لە ڕێگەی سێ پرۆسەیەوە دەگرنەبەر:

- چاودێریکردن ـــبینینی ئەوەی کەسانی دیکە چی دەکەن و چۆن ئەنجامی دەدەن
- چاوەڕوانیی ئەنجام ـــسوود و زیانی ئەنجامدانی ئەو ڕەفتارە
- کارامەیی خۆ ـــباوەڕ بە توانای خۆی لە ئەنجامدانی ڕەفتارێك یان ڕەتکردنەوەی

باندورا پێی وایە سێ هێز بە شێوەی هاوتەریب بە دوو ئاراستەیی کار دەکەن.

تاك ←→ژینگە ←→ ڕەفتار

بە واتایی : تاك ژینگەی خۆی دروست دەکات، ژینگەش ڕەفتاری دەگۆڕێت، ڕەفتارش ئەو باوەڕانە دەگۆڕێت کە لەناو تاکدا هەن.

لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، ئەو شوێنانەی کە گەنجان تیایدا کۆدەبنەوە ـــ وەک گازینۆ، پارک، شوێنی سەرگەرمی، و گروپەکانی میدیای کۆمەڵایەتی ـــ بوونەتە بەرزترین شوێنی فێربوونی ڕەفتاری بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان.

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر ڕۆڵی خێزانی دەکاتەوە. ئەو خێزانانەی کە دایك یان باوکیان بەکارهێنەری ماددە هۆشبەرەکانن منداڵەکانیان مەیلیان زیاتر بۆ بەکارهینان لاسایی کردنەوە و فێر بوون دەچێت .

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی بەشداریی بەرچاویان هەیە لە ڕوونکردنەوەی بلاوبوونەوەی ماددەهۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە گەنجان ڕەفتارەکانیان پێش هەموو شتێك لە چاودێریکردن و هەڵگرتنی نموونە لە ژینگەی کۆمەڵایەتیەکانەوە فێر دەبن. ئەمەش پێویستی بە دەستکاریکردنی ئەو ژینگەی کۆمەڵایەتی هەیە، نەك تەنها سزادانی تاکەکەسی.

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی (Bandura, 1977, 1986) چوارچێوەیەکی بەهێز و کارامە پێشکەش دەکات بۆ تێگەیشتن لە گەشەکردنی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان لە ناو گەنجانی کوردستان. دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ، خێزان، خوێندنگا، دامەزراوە ئایینییەکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، هەموویان دەتوانن بەرپرسی ئەو بابەتە بن کە گەنج دەیبینێ و فێریان دەبێت. بۆیە چارەسەر نابێت تەنیا لە قەدەغەکردن بمێنێتەوە، بەڵکو پێویستی بە دروستکردنی مۆدێلی ئەرێنی و بەهێزکردنی کارامەیی هۆشیاری هەیە.

دووەم: تیۆری وردە کولتوور (نظرية الثقافة الفرعية Subcultural Theory

تیۆری ووردەکولتوور لەو بنیاتەیەوە دەستپێدەکات کە کۆمەڵگا کولتورێکی یەکگرتووی نییە، بەڵکو لە ناو خۆیدا کولتورە بچووک و سەربەخۆی دروست دەبێت ، بەتایبەتی لە ناو چینی خواروو کۆمەڵگادا. ئەو ووردەکولتورانە بەهای تایبەتی خۆیان هەیە کە زۆرجار جیاواز یان پێچەوانەی نۆرمی کولتووری زاڵن، زمانی تایبەتیان هەیە، و شێوازی ژیانی جیاوازیان هەیە.

کۆهێن (Cohen, 1955) باوەڕی وایە کە گەنجانی چینی خوارەوە کاتێك دەبینن دەرگاکانی سەرکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەبەردەمیاندا داخراون، ووردەکولتورێکی پێچەوانە دروست دەکەن..میلر(Miller, 1975) پێی وایە گەنجانی چینی خواروو ئازادیی فیزیکیی زیاتریان هەیە لە دەرەوەی ماڵەوە، ئەمەش دەبێتە زەمینەی تووشبوون بە ژینگەی ماددەهۆشبەر، وبەکارهێنانی جگەرە و ئەلکهۆل وەك نیشانە لەناو ئەو ووردەکولتورانەدا دەبینرێت.

لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، تیۆری ووردەکولتوور یەکێکە لە چوارچێوە شیکارانەی کە دەتوانێت بە شێوەیەکی زۆر کارامە بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان لە ناو گەنجانی کوردستان ڕوونبکاتەوە، بەم ئامرازەی خوارەوە:

کولتووری سەرەکی(Mainstream Culture)
↓
گۆشەگیری کۆمەڵایەتی + بێبەشکردنی ئابووری
↓

دروستبوونی ووردەکولتوور
↓
بەها و یاسای جیاواز
↓
ڕەفتاری لادەر (ماددەهۆشبەرەکان، تاوان...)

لەگەڵ تیۆری کلاوارد و ئۆهلین، گەنجانی ئەم گەڕەکانە دەکەونە "ووردەکولتووری ڕەتکردنەوە"، چونکە دەرفەتی خوێندن کەمە، کار نییە، و بێومێدی هەیە، کە ئەمانە بەیەکەوە دووركەوتنەوە لە کۆمەڵگا دروست دەکەن، گرووپی هاوتەمەن وەك شوێنی سەلامەتی دەبینرێت، و ماددەهۆشبەرەکان بەکار دێن.

بەپێی تیۆری میلر، گەنجانی کوردستانی چینی خواروو زۆرجار کاتی خۆیان لە کۆچە و گەڕەکەکاندا بەسەر دەبەن، و نەبوونی چاودێری خێزان، نەبوونی ژینگەی گونجاو، و نزمی ئاستی ڕۆشنبیری دایك و باوك، هەموویان زەمینەی گونجاو دروست دەکەن بۆ بڵاوبوونەوەی ماددەهۆشبەرەکان.

تیۆری ووردەکولتوور ئاشکرا دەکات کە ڕەفتاری لادەر لەناو گەنجانی چینی خوارەوەدا بەرهەمی ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی تایبەتی ئەو یەکەیانەیە کە تێیاندا ژیان دەکەن. لەبەرئەوەش، کێشەی ماددەهۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا نە تەنها کێشەیەکی تاکەکەسییە. چارەسەری ڕاستەقینە پێویستی بە دوو ئامانجی جیاواز هەیە: یەکەم، دەستکاریکردنی ئەو ژینگەی کۆمەڵایەتییە کە ووردەکولتوورەکان تێیدا گەشە دەکەن؛ دووەم، دروستکردنی دەرفەتی گونجاو و ئەرێنی بۆ گەنجان بەرامبەر ئەو دەرگایانەی ئێستا لەبەردەمیاندا داخراون

سێیەم: تیۆری گرووپی هاوتەمەنەکان : نظرية كتلة الأقران (Peer the cluster theory)

تیۆری گرووپی هاوتەمەنەکان کە لەلایەن(Oetting ،Beauvais) لە ساڵانی ١٩٨٦-١٩٨٧ داڕێژراوە، یەکێکە لە تیۆرە سەرەکییەکانی تێگەیشتن لە بڵاوبوونەوەی ماددەهۆشبەرەکان لە لای گەنجان. ئەم تیۆرە پێی وایە کە کاریگەریی گرووپی هاوتەمەنەکان تەنها گۆڕاوی سەرەکی و گرنگترین گۆڕاوە لە دەستپێکردن بە ماددەهۆشبەرەکان لە ناو گەنجاندا. جیاوازی سەرەکی ئەم تیۆرە لە تیۆرەکانی تر ئەوەیە کە ئاماژە دەدات گرووپی هاوتەمەنەکان کاریگەرترین و بەهێزترین گرووپن بۆ بڵاوبوونەوەی ماددەهۆشبەرەکان.

بەپێی ئەم تیۆرە، ئەندامانی گرووپ لە ڕووی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکانەوە زۆر هاوشێوەن، تەنانەت کاتێك کەسەکە بە تەنیا بەکاری دەهێنێت، هەموو گرووپەکە پشتگیری دەکات. ئەو گەنجانەی بەکارهێنەری ماددەهۆشبەرەکان نین، ئەندامی ئەو گرووپانە نین. بەپێچەوانەوە، ئەو گەنجانەی دەبنە ئەندامی گرووپ خێراتر یەکتر دەناسن و خێراتر فێری مادەهۆشبەرەکان دەبن. تیۆرەکە پێی وایە کە هەر گرووپ شێوازی ژیانی تایبەتی خۆی هەیە، و مادەهۆشبەر ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە پێناسەکردن و پاراستنی پێکهاتەی گرووپەکە.لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، بەپێی ئەم تیۆرە، گۆڕاوی بنیادی کۆمەڵایەتی وەك تەڵاق و وێرانبوونی خێزان ئاستی بەرزتری هەیە، بەهۆی ئەم ئامرازەی خوارەوە:

شەڕ و ناسەقامگیری ← وێرانبوونی خێزان ← گەنج گرووپی هاوتەمەنەکان دەبینێتەوە وەك خێزانی دووەم ← ئەگەر گرووپ بەکارهێنەر بێت ←← گەنجیش دەبێتە بەکارهێنەر

لە کوردستاندا چەند جۆری گرووپی هاوتەمەن بوونی هەیە کە کاریگەرییان لەسەر گەنجان دەردەکەوێت، وەك گرووپی یاری کە گەنجانی ١٦ تا ٢٢ ساڵ لە شوێنی دیاریکراو کۆدەبنەوە، گرووپی ئۆنلاین لەڕێگای تەلەگرام، واتساپ، و فەیسبووکەوە، و گرووپی ناو گەڕەکەکانیش کە کاریگەریی تایبەتیان هەیە.

تیۆری گرووپی هاوتەمەنەکان لە کوردستان تایبەتمەندیی زیادتری هەیە، چونکە کۆمەڵگای کوردی سەختگیری زیاتر لەسەر بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان دەکات، بەڵام کاریگەریی کۆمەڵایەتی بەهێزتر لە بەرانبەردا. لەبەرئەوەش، بەپێی ئەم تیۆرە، سەرمایەکاری لە گرووپی هاوتەمەنی ئەرێنی و دروستکردنی مەیدانی نوێ بۆ کۆبوونەوەی گەنجان، بەخۆدی پاراستێکی سروشتی دروست دەکات لە مادەهۆشبەرەکان.

تیۆری گرووپی هاوتەمەنەکانی ئوتینگ و بورالیس-1986) (1987ئاماژەیەکی گرنگی پێشکەش دەکات :بۆ گۆڕینی ڕەفتاری گەنج، دەبێت پێش هەموو شتێك لەسەر جۆر و کولتووری گرووپی هاوتەمەن کار بکرێت. لە دۆخی کوردستاندا، ئەم تیۆرە زیاتر کارامەیی خۆی نیشان دەدات، چونکە شەڕ و هەژاری کۆمەڵایەتی وا دەکات هاوتەمەن جێگای خێزان بگرێت، و گەنج ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی ئەوانەدایە کە خۆیان هەڵبژاردوون بۆ پەیوەندیکردن.

چوارەم: تیۆریی هەڵسو کەوتی خێزانی (نظرية السلوك الاسرى):

تیۆری هەڵسوکەوتی خێزانی کە لە لایەن زانا بروك Brook (1990)پێشکەشی کراوە: پێی وایە خێزان بە بنچینەی سەرەکی و کۆگای یەکەمی پاراستن یان مەترسی دادەنرێت . بە پێی ئەم تیۆرییە، بوونی هەر درزێك لە پەیوەندییە خێزانییەکاندا دەبێتە هۆی دروستبوونی ناوەندێکی لەبار بۆ بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12594]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

ئەوەندەی پەیوەندییەکانی نێوان دایك و باوك خراپتر بێت، ئەوەندەش منداڵ لە ژینگەی خێزانییەکەی دوورەکەوێتەوە.
خێزان سیستەمێکی ئاڵۆزە و هەر درزێک لە پەیوەندییەکانی ناوەکیدا دەتوانێت ببێتە دەرگایێک بۆ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان. لە هەرێمی کوردستاندا، تێکەڵەیی هۆکارە کۆمەڵایەتی، ئابووری و دەروونییەکان پێویستی بە نزیکبوونەوە هەیە، کە ئەم هۆکارانە بە شێوەیەکی تایبەت خۆیان دەردەخەن:

- نەبوونی پەیوەندی گەرم و گۆر لە نێوان دایک و باوکدا.
- کارکردنی زیادی باوك و دایك بۆ دابینکردنی ژیان و کەمی ماوەی تایبەت بۆ منداڵەکانیان.
- کاریگەری بارگرانییەکانی ئەرکی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەسەر دایك و باوك.
- ڕۆڵی هەژاری لە پرنەکردنەوەی پێداویستییەکانی گەنجان، کە ترس لە داهاتووی دروست دەکات، لە ڕووی بێکاری، و جیاوازیی کۆمەڵایەتی لە نێوان گەنجاندا.

ئەو منداڵانەی کە پەیوەندیی تەندروستیان لە ناو خێزان و خوێندنگادا هەبووە، کەمتر دوچاری مادەهۆشبەرەکان دەبنەوە. بەپێچەوانەوە، تێکچوونی پەیوەندیی خێزانی و کێشەکانی ماڵەوە هۆکارێکن بۆ ئاشناکردنی گەنجان بە ماددەهۆشبەرەکان و هەڵهاتنیان لە ژینگەی خێزانییەکەیان.

تیۆری هەڵسوکەوتی خێزانی بروك (1990) ئەم ئامرازی گرنگی پێشکەش دەکات: خێزان یەکەیەکی سەرەکییە کە دەتوانێت گەنج بپارێزێت یان لە مەترسی دووربخاتەوە؛ لەبەرئەوەش، هەر درزێك لە پەیوەندییەکانی ناو خێزان دەتوانێت ببێتە دەرگایەکی کراوە بۆ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان.
پێنجەم: تیۆری بێبەشکردنی ڕێژەیی(نظرية الحرمان النسبي):
بێبەشکردنی ڕێژەیی واتا ئەو هەستەی کە تاك دەیکات کاتێك باردۆخی ژیانی خۆی بەراورد دەکات لەگەڵ کەسانی تر، بەتایبەتی ئەوانەی دەوڵەمەندترن یان دەرفەتی بەرزتریان هەیە. ئەم بەراوردکردنە نایەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئاشکرا دەکات و بەو شێوەیە هەستێکی دەروونی لە تاك دروست دەکات. لەبەرئەوەش، کێشەکە لای گەنج نییە، بەڵکو ڕەگی کێشەکە لە نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدایە.
تیۆری بێبەشکردنی ڕێژەیی چوارچێوەیەکی بەسوود دابین دەکات بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان؛ چونکە گەنجانی کوردستان لە ژێر کاریگەری چەندین ئاستی بێبەشکردنی ڕێژەییدان. ئەو کاتەی کە خەڵکی چینی خوارەوە باردۆخی خۆیان بە دەوڵەمەند بەراورد دەکەن، هەستی نادادپەروەری و بێدەسەڵاتی لەناویاندا دروست دەبێت، کە بەردەوام دەبێتە هۆی دوژمنایەتی، تووندوتیژی و تاوان. ئەم ئامرازی دروستبوونی تووندوتیژی دەتوانرێت بەم شێوەیە پیشان بدرێت:

نادادپەروەری ← ناڕەزایی ← بێمتمانەیی ← بێدەسەڵاتی ← تووندوتیژی و تاوان

کاتێك گەنجان نیگەرانی باردۆخی ژیانیانن، تووشی ئیرەیی دەبن؛ ئەگەر نەتوانن شێوازی ئەرێنی و شەرمنگیز لە کێبرکێی کۆمەڵایەتیدا بەکاربهێنن، ئەوا زۆرینەیان بەرەو تاوان و تووندوتیژی دەڕۆن. لەبەرئەوە، زۆربەی تاوانەکان بەهۆی نایەکسانی دابەشکردنی داهاتەوە ڕوو دەدەن.
گرنگترین خاڵ ئەوەیە کە ئەو هەستەی بێبەشکردنی ڕێژەیی کە پێشتر تەنیا تایبەت بە چینی خوارەوە بوو، ئێستا لە ناو هەموو چین و تویژەکاندا هەست پێ دەکرێت؛ لە ئابووریدا بە زیادبوونی نایەکسانی، لە کۆمەڵایەتیدا بە بینینی ژیانی خوشگوزەرانی لە ئینتەرنێت و تەلەڤزیۆن، لە سیاسیدا بە بێمتمانەیی بە سیستەمی حکومەتی، و لە دەروونیدا بە هەستی بێهیوایی و بێدەسەڵاتی.

بۆسەقامگیرکردنی بارودۆخ تەنها بە پەرتووك کردنی مادە هۆشبەرەکان نابێت، بەڵکو دەبێت لە بنچینەدا بەرەنگاری نایەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەبێنەوە و دەرفەتی ڕاستەقینە بۆ گەنجان دروست بکرێت.

شەشەم: تیۆریی کاتە بەتاڵەکان(نظرية الوقت الفراغ) Theory of free leisure
تیۆری کاتە بەتاڵەکان کە کۆمەڵناسی کلاسیکی ئەڵمانی جۆرج زیمێل پێشکەشی کردووە، باسی ئەوە دەکات کە لە کۆمەڵگای مۆدێرندا تاك هەمیشە هەوڵی جیاکردنەوەی خۆی دەدات لە کەسانی تر، و ئەم جیاکاریە بنەمای دروستکردنی ناسنامەی کەسی پێك دەهێنێت.
زیمێل باوەڕی وایە کە لە کولتوری مۆدێرن، زیادبوونی ئازادیی تاك بەندە بە وابەستەیی چڕی کۆمەڵایەتی. لەبەرئەوەش، گەنجان هەوڵ دەدەن ناسنامەی تایبەتیان لەڕێگای چالاکییەکانی کاتی بەتاڵەوە دەست بکەوێت. ئەم پرۆسەیە دەتوانرێت بەم ئامرازەی خوارەوە پیشان بدرێت:

کۆمەڵگای مۆدێرن ← زیادبوونی ئازادیی تاك ← پێداویستی دروستکردنی ناسنامەی تایبەت ← هەوڵ بۆ جیاکردنەوەی خۆ لە کەسانی دیکە ← بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان وەك ناسنامەی جیاواز یان وەك کوشتنی کات

لە کوردستاندا، ئەم دیاردەیە خۆی لە دوو جۆری جیاوازی گەنجدا دەردەخات:
یەکەم، گەنجی هەژار :کە نە پارك و شوێنی وەرزشیی هەیە، نە هەستی ئازادی، نە کار، و نە هیچ پرۆگرامی ئەرێنییەکی بۆ

بەسەربردنی کاتی بەتاڵ. ئەم گروپە لە بارودۆخێکی تازەدایە کە تێیدا کاتی بەتاڵ بەخۆی دەبێتە کێشەیەکی ناسەقامگیر.
دووەم، گەنجی دەوڵەمەند :کە دەرفەت و ئازادیی تاکی هەیە، بەڵام بەهۆی گۆشەگیری کۆمەڵایەتی و هەوڵ بۆ دروستکردنی ناسنامەی جیاواز، بەهەمان شێوە لە مەترسیدایە.

بنەمای هاوبەش لە هەردوو جۆرکەدا یەکسانە: بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان وەك دەرفەتێك بۆ دەرباز بوون لە کێشەی بەسەربردنی کاتی بەتاڵ، جا ئەوەش بە شێوەی کوشتنی کات بێت لای هەژاران، یان بە شێوەی گۆشەگیری و دروستکردنی ناسنامەی جیاواز بێت لای دەوڵەمەندان.
بڵاوبوونەوەی مادەهۆشبەرەکان لە ناو گەنجانی کوردستاندا تەنها کێشەیەکی یاسایی نییە، بەڵکو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، کولتووری و دەروونیشە کە ڕەگی لە نابەرامبەریی کاتە بەتاڵەکان، لاوازبوونی ناسنامەی کۆمەڵایەتی، و هەوڵی جیاکاری ناسنامەییدا دەکات.

حەوتەم: تیۆریی دەرفەتە نایەکسانەکان(نظریةالفرص الفارقه) the Difference opportunity theory

تیۆری دەرفەتە نایەکسانەکان کە کلاوارد و ئۆهلین لەسەر بنەمای تیۆری کۆمەڵناسیی مێرتۆن بنیاتیان ناوە، ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمەڵگا ئامانجی دیاری دەکات، بەڵام دەرگاکانی گەیشتن بەو ئامانجانە بۆ هەموو کەس یەکسان نییە. ئەگەر کەسێك نەتوانی بە ڕێگای یاسایی بگات بە ئامانجەکەی، هەوڵی ڕێگای نایاسایی دەدات، و ئەگەر ئەمەش بەردەست نەبوو، بێزاردەبێت و لادەدات.
لە کوردستاندا، ئەم هەنگاوانە بە ئاشکرایی بەرچاو دەکەون، چونکە هەردوو دەروازە لەکاتێکدا داخراون:
دەروازەی یەکەم، دەرفەتی یاسایی نایەکسان :گەنجی زانکۆ خوێندنی تەواو دەکات و کار نادۆزێتەوە، نەك بەهۆی بێتوانایی، بەڵکو بەهۆی سیستەمی خزمایەتی، نەدانی ڕەشەوە، و نەناسینی کەسی سیاسی. کار و دەرفەت بە نزیکانی ناشایستە دەدرێت، نەك بەپێی شایستەیی. ئەمەش واتای ئەوەیە کە گەنجێك هەرچەندە شایستەیشی هەبێت، دەرگا داخراو دەبێت و ناتوانێت ئەو دەرفەتە وەربگرێت؛ پی دەڵێن": دەرفەتی یاسایی نایەکسانە.
دەروازەی دووەم، دەرفەتی نایاسایی نایەکسان :کلاوارد و ئۆهلین ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ دەکەن: نەك تەنها دەرفەتی یاسایی نایەکسانە، بەڵکو دەرفەتی لادانیشی نایەکسانە. لە کوردستاندا، تۆڕی قاچاخ و تاوانکاری خۆی چینایەتییەکی تایبەتی هەیە؛ چینی دەوڵەمەند لایەنی قەبارەداری قاچاخی دەگرێتەوە کە زۆرترین قازانج هەیە، لە کاتێکدا کەسی کەمدەرامەت تەنیا ئەرك و مەترسیدارترین بەشی کار لە ئەستۆ دەگیرێت. ئەمەش واتای دەرفەتی نایاسایی نایەکسان.
بەپێی ئەم تیۆرە، هۆکاری ئالودەبوون لە هەرێمی کوردستاندا دەتوانرێت بەم یاسای خوارەوە پیشان بدرێت:

گۆشەگیری + شکستی دووبارە + دەرفەتی کەم – ئامانجی بەرز = ئالودەبوون

تیۆری کلاوارد و ئۆهلین بۆ هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی بنیادی و بەهێز دەدات، چونکە ئەم هەرێمە لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی قوڵدا بەسەر دەبات، و سیستەمی خزمایەتی و بەستەی سیاسی هێشتا ئامرازی سەرەکی گەیشتن بە کار و دەرفەتن. لەبەرئەوەش، چارەسەری کێشەی ئالودەبوون مادەهۆشبەرەکان دەبێت لە بنچینەدا بەرەنگاری نایەکسانی دەرفەت و دوورخستنەوەی سیستەمی خزمایەتی ببێتەوە .

دەرئەنجامەکان :

بڵاوبوونەوەی مادەهۆشبەرەکان لە ناو گەنجانی کوردستاندا بابەتێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی ژینگەی کۆمەڵایەتی، پێکهاتەی ئابووری، و پێشینەی مێژوویییە.
ئەم تیۆرەیانە ڕوونکردنەوەیەکی بنیادی بەهێز دەدەن، چونکە گەنجی کوردستان لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، و سیاسیی قوڵدا بە سەر دەبەن. دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، وەک خێزان، خوێندنگا، دامەزراوە ئایینییەکان، و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، هەموویان بەرپرسن لە فێربوونی گەنج بە مادە هۆشبەرەکان.
خێزان سیستەمێکی ئالۆزە و هەر درزێك لە پەیوەندییەکانیدا دەتوانێت ببێتە دەرگایەك بۆ بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان. نەبوونی ژینگەی گونجاو، کەمی هوشیاری، و نزمی ئاستی ڕۆشنبیری دایك و باوك، هەموویان زەمینەیەکی گونجاو دروست دەکەن بۆ ئەوەی گەنج پەنا ببات بۆ لای گرووپی هاوتەمەنەکان. ئەم بابەتە زیاتر کارایی خۆی دەردەخات بۆ گۆڕینی ڕەفتاری گەنج، چونکە کێشەکانی ناوخێزانی، وەك شەڕی بەردەوام و هەژاری کۆمەڵایەتی، وا دەکات گرووپی هاوتەمەنەکان جێگای خێزان بگرن و گەنج ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی ئەواندا بێت.کاتێك گەنجان نیگەران دەبن، هەستی بێبەشکردنی ڕێژەیی دەکەن، و تووشی ئیرەیی دەبن، لەو کاتەدا سیستەمی خزمایەتی و بەستەی سیاسی هێشتا ئامرازی سەرەکی گەیشتن بە کار و دەرفەت دەمێنێتەوە. جیاوازی چینایەتی لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەهۆی نایەکسانی ئابووریەوە وا دەکات ئارەزووی گەنجان بۆ بەدەستهێنان زیاتر بێت، تا ئەوەی بگەنە ئالوگۆڕکردن و بازرگانی بە مادەهۆشبەرەکانەوە.
لە لایەکی دیکەوە، بێکاری گەنجان، دانەمەزراندنیان، هۆکارە دەروونی و تاکەکەسییەکان، حەز و مەیلی تاقیکردنەوە، و نەبوونی هوشیاری لە کاریگەری خراپەکانی مادەهۆشبەرەکان، هەموویان لەگەڵ یەکدا وا دەکەن گەنج دەرفەتی نایاسایی و نایەکسانە تاقی بکەنەوە.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12594]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

ئەم کێشەیە پێویستی بە بینینێکی گشتگیر هەیە کە هەم ئاستی تاکەکەسی و هەم ئاستی کۆمەڵایەتی لەخۆ بگرێت؛ چونکە تەنها بە ڕێگای دوورخستنەوەی هۆکارەکان، دروستکردنی دەرفەتی ڕاستەقینە بۆ گەنجان، و بەهێزکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵایەتی دەتوانرێت بەرەنگاری ئەم دیاردەیە بەبینەوە .

پێشنیازەکان:

1 - گرنگیدان زیاتر بە گەنجان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان پێویستە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و زانستی کار بکرێت بۆ ناساندن و چارەسەرکردنی کێشەکانی گەنجان، بەو شێوەیەی کە ببێتە هۆی دوورکەوتنەوەی گەنجان لە زیانەکانی مادەهۆشبەرەکان.

2-قۆستنەوەی کاتی دەست بەتاڵیی گەنجان بە شێوەیەکی زانستی پشت بەستن بە زانستی کۆمەڵناسی لە میدانی کاتی بەتاڵ گرنگە، هەتا گەنجان دوور بن لە هاوڕێی خراپ و ئەو شوێنانەی کە مادەهۆشبەرەکان تێیدا بەکاردێن. ئەمەش پێویستی بە دامەزراندنی ناوەندی چالاکی کۆمەڵایەتی، وەرزشی، و کولتووری هەیە.

3- هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری، بەتایبەتی لە نێوان گەنجاندا بێکاری یەکێکە لە سەرەکیترین هۆکارەکانی بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان، لەبەرئەوەش دروستکردنی دەرفەتی کار و وەبەرهێنان لە توانای گەنجان ئەرکێکی نەتەوەییە.

ڕاسپاردەکان:

1-بۆ وەزارەتی تەندروستی دامەزراندنی کلینیکی تایبەت بە چارەسەرکردنی ئالودەبوون بە مادەهۆشبەرەکان لە هەموو پارێزگاکاندا، لەگەڵ تەرخانکردنی بودجەی پێویست و کارمەندی ڕاهێنراوی پسپۆر بۆ یارمەتیدانی ئالودەبووان و خێزانەکانیان.

2-بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ڕەخساندنی زۆرترین دەرفەتی کار بۆ گەنجان لەڕێگەی پرۆگرامی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، بۆ ئەوەی گەنجان بتوانن بەشداری چالاك لە کۆمەڵگادا بکەن و هەستی بێدەسەڵاتی و بێبەشی لەناو بچێت.

3- بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بڵاوکردنەوەی زانیاری میدیایی گشتگیر و هوشیاریکردنەوەی گەنجان و خێزانەکان سەبارەت بە زیانەکانی مادەهۆشبەرەکان.

سەرچاوەکان:

سەرچاوە کوردی

- ئەبراش، ئیبراهیم ،2013، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، وەرگیرانی: دیدارئەبوزێد، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەرێمی کوردستان، عێراق.
- بەدری ، مەهدی، 2007 ، ماددەهۆشبەرەکان وبڵاو بوونەوەی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ,دەزگای توێژینەوەو بڵاو کردنەوەی موکریانی ,هەولێر
- تەها، شەهاب فتاح ،2018،کاڵبوونەوەی ئینتیمای نیشتیمانی وڕەهەندەکانی چارەسەری ،هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،54.-
- سعید، شاهۆ ,2004، کۆمەڵگای گەنج، کۆمەڵگای پیر: دەربارەی سۆسیۆلۆجیای تەمەن و دەرکەوتەکانی لە کۆمەڵگای کوردی دا, گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (16-17، چاپخانەی ڕەنج
- سیوەلی،لوقمان، 2011، سێبەر تلیاك ، چاپخانەی بینایی ، سلیمانی،
- عبدالرحیم، ئارام ، 2020ز، گەنج لە کۆمەڵگای کوردیدا، چاپخانەی نما، تاران.
- ەخاڵ، شێخ محمدی ،1367 ، فەرهەنگی خاڵ ،بەرگی یەکەم ،چاپ فردوسی ،کتابفروشی محمدی سقز
- محەمەد، فائیز ئیبراهیم ,2007 ، خووپێوەگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان ، هەولێر ،چاپخانەی خانی،
- مورتەزوی ،علی، 2007، قاچاخی نێونەتەوەیی ماددە هۆشبەرەکان و یاسای نێونەتەوەیی، وەرگێرانی ب.مانی هەولێر، بنکەی توێژینەوە،

دووەم/ سەرچاوە عەرەبیەکان

- الكاشف، علي بن عمر (2000) النظريات الإجتماعية الإتجاهات والمذاهب الكلاسيكية المعاصرة. [بدون دار الطبعة والنشر].
- المسعودي، محمد عبد الغنى ومحسن احمد الخضيري (1992) الاسس العلمية لكتابة رسائل ماجستر و الدكتوراه، القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية.
- النوري، قيس وعبدالمنعم الحسن (1985) النظريات الإجتماعية، بغداد: منشورات وزارة التعليم العالى والبحث العلمي.
- المهندى، خالد حمد,2013 ، المخدرات النفسيه وجتماعيه واقتصاديه فى دول مجلس التعاون لدول الخليج العربيه. مركز المعلومات الجنائيه لمكافحه المخد ارت لمجلس التعاون لدول الخليج العربيه، الدوحه –قطر
- العزاوى ، سالم جاسم محمد، 2017 ، البحث الكيفى فى العلاقات العامه ، دراسه تحليليه، بغداد ، جامعه البغداد
- الدمرداش، عادل ،1982 ، الادمان مظاهره و علاجه ,الكويت ,المجلس الوطنى للثقافة و الفنون و الاداب
- غبارى، محمد سلام(1989) الخدمات الاجتماعيه ورعايه الشباب فى المجتمعات الاسلاميه، المكتب الجامعى الحديث, الطبعه الثانيه، الاسكندرية، مصر
- فهمى، محمد سيد (2007) العولمه والشباب من منظور اجتماعى, دار الوفاو لدنيا الطباعه والنشر، الاسكندرية، مصر

- صعب، حمد مزعی، 2015،جرائم المخدرات، بریوت، منشورات زین االحقوقیه.فهمی.
- محمد سید ,2007، العولمه والشباب من منظور اجتماعی, دار الوفاو لدنیا الطباعه والنشر.

سەرچاوە فارسیەکان

- اخترمحقق، مهدی،1385، جامعه شناسی اعتیاد، چاپ اول، تهران ، نشر مولف،
- ابادینسکی، هووارد ,1382،جامعه شناسی مواد مخدر، مترجم محمد علی زکریایی. تهران: نشر دبیرخانه ستاد مبارزهبا مواد مخدر
- احمدی، حبیب , 1377 ،.نظریه‌های انحرافات اجتماعی، شیراز: انتشارات راز :
- احمدی ، د. سید احمد ,1383 ، روانشناسی نوجوانان و جوانان، چ 11، اصفهان، انتشارات مشعل
- بهرامی ، هادی ,2004، اعتیادو فرایند پیشگیری، چ1،تهران ، انتشارات سمت
- حسینیان،ارش , 1391 ،ماری جوانا –کندوکاری دریافته های علمی ، ویرایش دوم، نشر اینترنتی پاد
- خالد کریمی و همکاران،1399، تجربه زیسته‌ی سوو مصرف مواد مخدر درمیان جوانان، فصلنامه علمی فرهنگ و هنر، ص 33-58، تابستان
- شفرز،برنهارد،1390 ، مبانی جامعه‌شناسی جوانان، ترجمه کرامت الله راسخ، نشرنی،چاپ هفتم ، تهران. ،
- ربانی، رسول ،1383، جامعه شناسی جوانان،انتشارات اوای نور، چاپ دوم، تهران
- کلمن،ورنان،1382ش ،اعتیادچیست؟معتاد کیست،ترجمه :علیرضا میرفخرایی ،چاپ چوارەم، انتشارات واحدی.
- لیتری، دن جی.سیرزر، مولیه.پیرسون،هلن والشتاین، 1384 ،نظریه‌های سوو مصرف مواد مخدر. ترجمه محمد رضایی. تهران: انتشارات جامعه و فرهنگ.
- مبارکی ،محمد ،1388 ،بررسی رابطه‌بین سرمایه‌اجتماعی وجرمه ،پایان نامه‌ی کارشناسی ارشد شهید بهشتی دانشگاه تهران.
- محسنی، رضا،1368 ، اعتیاد جوانان، فرایندها و راهکارهای پیشگیری، نشریه‌ی فرهیختگان، شماره ی 47.
- محمدی، دکتر عباس، 1385، بزهکاری نوجوانان و نظریه‌های انحراف اجتماعی،نشر علم،تهران.
- وردی پور، حمید،2006، بررسی سوو مصرف مواد در دانش اموزان و تلفیق عامل خود کنترلی در مدل EPPM، مجله‌ی دانشگاه علوم پزشکی و خدمات درمانی شهید صدوقی، شماره 13، سال اول، یزد، ایران

چوارەم / سەرچاوە ئینگلیزیەکان

- Brissing, Peter, Farrow. JA , 1990, a new look at gender difference in drinking and driving in flunkies experiences and attitudes among new among new adolescent.
- Dan J. Lettieri, Ph.D. Mollie Sayers Helen Wallenstein Pearson, 1980,THEORIES ON DRUG Abu, seselected Contemporary Perspectives NIDA Research Monograph
- Parsons Talcott,1175, “certam primary sources and patterns of aggression in the social structure of thewestern world”in essages in sociological theoty. Revised edition.
- Report of the International Narcotics Control Board for 2025 UNITED NATIONS "INCB" New York

پێنجەم/ سایت الکترونی

- یاسای پەرلەمانی کوردستان، رۆژنامەی (وقائعی)، یاسای وەزارتی وەرزش ولاوان-www.kurdistan parliament.org// سالێ 2011 -2020\9\15
- یاسای پەرلەمانی کوردستان، رۆژنامەی (وقائعی)، یاسای بەرنگار بوونەوەی ماددە هۆشبەر وکارتێکارە عەقڵییەکان www.kurdistan-parliament.org// سالێ 2020 -2021\6\11 ،
- 2022\3\14 fo.iran@unodc.org
- الوقائع العراقية، العدد، 4446، 8-5-2017، ص: 1
- https://www.kurdistan24.net/ckb
- https://www.rudaw.net
- https://estanews.net

Abstract

The spread of drug use among youth is one of the most significant social and health problems facing human society in the contemporary era. This phenomenon is not merely an individual issue; rather, it produces profound effects on families and society as a whole.

The aim of this study is to analyze the phenomenon of drug use among youth through the application of sociological theories. The research methodology relies on the analytical theoretical method, which involves employing various sociological theories to gain a deeper understanding of how drug use spreads among youth.

The findings of the study reveal that the spread of drugs among Kurdish youth is not an individual matter, but rather a direct product of the social environment, economic structure, and historical background. Family problems, such as ongoing conflict and social poverty, cause peer groups to

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12594]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

replace the family, with young people falling directly under the influence of those who resort to drugs. When young people become anxious, experience relative deprivation, and suffer from frustration, the kinship system and political connections still remain the primary means of accessing work and opportunity. Class differentiation in any society, driven by economic inequality, intensifies youth aspirations for acquisition — to the point of engaging in exchange and trafficking of drugs.

Keywords: Theory, Drugs, Addiction, Addict, Youth

ملخص

يُعد انتشار تعاطي المخدرات بين الشباب واحدة من أبرز المشكلات الاجتماعية والصحية التي تواجه المجتمع البشري في العصر الراهن. ولا تقتصر هذه الظاهرة على كونها قضية فردية فحسب، بل تمتد آثارها لتترك تداعيات عميقة على الأسرة والمجتمع ككل.

تهدف هذه الدراسة إلى تحليل ظاهرة تعاطي المخدرات بين الشباب من خلال توظيف النظريات السوسيولوجية (علم الاجتماع). وتعتمد منهجية البحث على المنهج النظري التحليلي، الذي يستند إلى استخدام نظريات اجتماعية متنوعة للوصول إلى فهم أعمق لكيفية انتشار تعاطي المخدرات في أوساط الشباب.

وتُظهر نتائج الدراسة أن انتشار المخدرات بين الشباب الكرد ليس مسألة فردية، بل هو نتاج مباشر للبيئة الاجتماعية، والبنية الاقتصادية، والخلفية التاريخية. فالمشكلات الأسرية -مثل النزاعات المستمرة والفقر الاجتماعي- تؤدي إلى حلول "جماعات الأقران" محل الأسرة، مما يجعل الشباب عرضةً للتأثر المباشر بأفرادٍ يتعاطون المخدرات.

وفي ظل شعور الشباب بالقلق، والحرمان النسبي، والإحباط، تظل منظومة القرابة والروابط السياسية هي الوسيلة الأساسية للحصول على فرص العمل. كما أن التمايز الطبقي في أي مجتمع -الناجم عن التفاوت الاقتصادي- يؤدي إلى تصاعد تطلعات الشباب نحو الامتلاك، وهو ما قد يدفعهم إلى الانخراط في عمليات تبادل المخدرات والاتجار بها.

الكلمات المفتاحية: نظرية، مخدرات، إدمان، متعاطٍ، شباب